پژوهشنامه ادبیات کُردی
سال سوم، شماره ٤، بهار و تابستان ۱۳۹٦
صص ۱٤۳ - ۱۷٦

# لێکدانەوەی شێوازناسانەی قوتابخانەکانی ڕوانگەی و کفری: بە سەرنجدان بە شیعری شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت

تاریخ دریافت: ۱۳۹٦/۸/۲۰ – تاریخ پذیرش: ۱۳۹٦/۹/۱٤

**بەختیار سەجادی**[1]
**مامۆستای بەشی زمان و ئەدەبی ئینگلیسی و توێژەری نیوەکات لەی توێژینگەی کوردستان‌ناسی، زانستگای کوردستان**

**کورتە**

ئەم وتارە هەوڵ ئەدات لە هەنگاوی یەکەمدا ئاوڕ لە دوو قوتابخانەی شیعری هاوچەرخی کوردی لە کوردستانی عێراقدا بداتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش دوای ناساندنی قوتابخانەکانی ڕوانگە و کفری، دەست دەکات بە ئاراستەکردنی بابەتی ناوەندیی توێژینەوەکە کە بریتییە لە دیاریکردنی مۆرک و تایبەتمەندییە شێوازناسانەکانی ئەو بەرهەمانە. ئەو دوو قوتابخانەیە دوو ڕەوتی گرنگی ئەدەبییان لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ۱۹۷۰ بۆ ۱۹۹۱دا پێکهێنا کە وەکوو قۆناغێکی گرنگی مێژووی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی لە کوردستانی عێراق لە قەڵەم دەدرێت. لە پێناو دەستەبەرکردنی چوارچێوەیەکی تیۆریک بۆ دەستنیشانکردنی شێوازناسیی بەرهەمە شیعرییەکان، کەڵک لە ڕوانگەکانی شەمیسا و بە تایبەت کتێبی شێوازناسیی لێکۆڵەری ناوبراو وەرگیراوە کە بایەخ دەداتە سێ ئاستی جیای زمانی، ئەدەبی و هزری لە دیاریکردنی مۆرکی شێوازناسانەی بەرهەمە ئەدەبییەکاندا. لەم توێژینەوەی بەردەستدا پەنجە خراوەتە سەر دامەزرێنەر و ناسراوترین ئەندامی هەرکام لە قوتابخانە شیعرییەکان کە بریتین لە شێرکۆ بێکەس و لەتیف هەڵمەت و پاشان بەرهەمەکانیان بە گوێرەی بنەواشە سەرەکییەکانی بۆچوونی ڕەخنەگرانەی ناوبراو لێکدراونەتەوە و جیاوازییەکانیان خراونەتە ڕوو.

**وشەگەلی سەرەکی:** وشە سەرەکییەکان: شێوازناسی، شیعری کوردی، قوتابخانەی ڕوانگە، قوتابخانەی کفری، شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت.

1- . b.sajadi@uok.ac.ir

## ١- پێشەکی

سەرهەڵدانی شیعری نوێی کوردی لە عێراقدا بۆ هەوڵەکانی چەند شاعیرێکی نوێخوازی کورد لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە. لەو سەردەمەدا چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب لە بەغدا و سلێمانی بڵاو دەکرانەوە و کێشەی نێوان شیعری نوێ و شیعری کلاسیک بۆ یەکەم جار لەم بڵاڤۆکانەدا باسیان لەسەر دەکرا. شێخ نووری شێخ ساڵح وەکوو یەکەمین دەنگی دەستپێشخەر لە ڕەوتی نوێبوونەوەی شیعری کرمانجیی ناوەڕاستدا دەورێکی بەرچاوی گێڕا و بە نووسین و بڵاوکردنەوەی چەندین بابەت، پێویستیی سەرهەڵدان و گەشەکردنی شیعری نوێی کوردیی ڕوون کردەوە. ئەگەرچی شێخ نووری دەستپێکەری ئەم ڕەوتە بوو، بەڵام شاعیری بەناوبانگی کورد، گۆران، دەوری زۆر بەرچاوی لە مسۆگەرکردن و پەرەسەندنیدا هەبوو و زۆربەی لێکۆڵەران ئەو بە باوکی شیعری نوێی کوردی دەناسێنن.

بە باوەڕی زۆرێک لە ڕەخنەگران، شێرکۆ بێکەس شاعیری هەرە گەورەی ئەو سەردەمە و تەنانەت قۆناغی پاش ڕاپەڕینیشە. بۆ نموونە، بەرزان فەرەج لە وتارێکیدا ناوی شێرکۆ دەخاتە پاڵ ناوی دوو شاعیری گەورەی ترەوە کە نالی و گۆرانن و هەر سێ شاعیرەکە بە بنیاتنەری سێ گەڕیانی گەورەی ئەدەبی ناودێر دەکا و پێی وایە ئەو سێ شاعیرە لە زۆر ڕووەوە و بەتایبەت لە باری ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ ئایدیۆلۆجیی سیاسی یان ئایینیدا جێگە و پێگەیەکی دیاریان لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بۆ خۆیان دەستەبەر کردووە (١٩٩٩: ١٣٨). ئەگەرچی ئاستی بڵاوبوونەوەی شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت مەودایەکی کەمتری بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام سەرنجی ڕەخنەگرانی پسپۆڕی ڕاکێشاوە و هەندێ وتاریان لەسەر شیعرەکانی بڵاو کردۆتەوە. سەبارەت بە دەوری گرنگی لەتیف هەڵمەت لە شیعری نوێی کوردیدا عەتا قەرەداغی پێی وایە «لەتیف هەڵمەت یەکێکە لەو شاعیرانەی نەوەی دوای گۆران کە لە مێژووی شیعری نوێی کوردیدا جێگای دیار و لەبەرچاوی هەیە و بەرهەمە دیارەکانی ساڵانی حەفتاکانی بەشدارییەکی جیدین لە ئەزموونی شیعری کوردی دوای گۆراندا و یەکێکە لە دەنگە هەرە دیارەکانی نەوەکەی خۆی و لە ڕووی داهێنان و گەڕان بە دوای تازەگەری لە شیعری کوردیدا لە ڕیزی پێشەوەی هاوچەرخەکانی خۆی بووە» (٢٠٠٠: ١٣٧).

لـەم توێژینەوەیـەدا سـەرەتا باسـێک دەربـارەی «بارودۆخـی سیاسـی و کۆمەڵایەتی»ی مـاوەی نێـوان ١٩٧٠ و ١٩٩١ ئاڕاسـتە دەکـرێ و دوایـی تیشـک دەخرێتـە سـەر «پێشـینەی فەرهەنگـی» و «پێشـینەی ئەدەبـی و ڕەوتـی گەشـەی شـیعری نـوێ». پاشـان، «پێشـینەی توێژینـەوە» لـەم بـارەوە پێشـکەش دەکـرێ و تێیـدا ئامـاژە بـۆ لێکۆڵینـەوەی پێوەندیـدار بـەم بابەتـەوە دەکـرێ. لـە بەشـی دواییـدا، هـەوڵ دەدرێ «چوارچێـوەی تیۆریـک»ی توێژینـەوەی بەردەسـت بخرێتـە ڕوو کـە تێیـدا بـە وردی و بـە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ ئامـاژە بـۆ ڕوانگەکانـی شەمیسـا دەکـرێ سـەبارەت بـە مـۆرک و جۆرەکانـی شێوازناسـی. پاشـان، مـژاری سـەرەکیی وتارەکـە ئاڕاسـتە دەکـرێ کـە بریتییـە لـە ناسـاندنی «قوتابخانـەی ڕوانگـە» و «قوتابخانـەی کفـری» لـە حەفتـاکان و هەشـتاکانی کوردسـتانی عێراقـدا و «نموونـەی شـیعری» و هەروەهـاش، خسـتنەڕووی «تایبەتمەندییـە شێوازناسـانەکان»ی ئـەو قوتابخانـە شـیعریانە بـە ئاوردانـەوە لـە شـیعری دوو شـاعیری گـەورەی کـورد، شـێرکۆ بێکـەس و لەتیـف هەڵمـەت. شـیاوی وتنـە کـە ئەگەرچـی ئـەو دوو شـاعیرە پـاش ڕاپەڕینـی ١٩٩١ بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان درێژەیـان بـە چالاکیـی ڕۆشـنبیری و داهێنانـی ئەدەبـی داوە، بـەڵام لـەم وتـارەی بەردەسـتدا تەنیـا بـاس لـە سـەر بەرهەمـی ئـەوان لـە سـەردەمی ئاماژەبۆکـراودا دەکـرێ کـە وەکـوو قۆناغـی پێـش ڕاپەڕیـن ناوبـردە دەکـرێ. لـە بەشـی «ئەنجام»یشـدا خوێندنەوەیەکـی بەراوردکارانـەی شـێوازە جیاجیاکانـی ئـەو بەرهەمـە شـیعریانە پێشـکەش دەکـرێ.

## ٢- بارودۆخ و پێشینە

### ٢-١- بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی

لـە پـاش شـەڕی دووەمـی جیهانییـەوە هەنـدێ گۆڕانکاریـی قـووڵ لـە بەسـتێنی سیاسـی و کۆمەڵایەتیـی کوردسـتانی عێراقدا سـەری هەڵـدا. لە سـاڵی ١٩٥٧دا ڕژێمی پاشـایەتی لـە عێراقـدا ڕووخـا و کۆمـاری عێـراق بـە ڕێبەرایەتیـی عەبدولکەریم قاسـم پێکهـات. کـوردان لایەنگـری ئـەو گۆڕانکارییـە بـوون و پاڵپشـتییان لـە ڕووخانـی ڕژێمـی پاشـایەتی کـرد (مـەک داوڵ، ١٣٨٣: ٤٦٧). قاسـم گەرچـی بەڵێنـی زۆری بـە کـوردان دابـوو، بـەڵام کاتـێ هاتـە سـەر حوکـم، بەڵێنـی نەبـردە سـەر و لـە سـاڵێ ١٩٦٢دا لـە ڕێگـەی کوودەتـای حیزبـی بەعسـەوە لەناوچـوو.

یەکێـک لـە گرنگتریـن ڕووداوە سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکانـی شەسـتەکانی زایینـی لـە

کوردستانی باشووردا بریتی بوو لە شەڕی نێوان کوردان و دەوڵەتی بەعس. شەڕی ئەیلوول نزیکەی یەک دەیە درێژەی کێشا و کوردان بە ڕێبەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانی لە دژی دەوڵەتی عێراق ڕاپەڕین. پاش کۆتاییهاتنی شەڕ ڕێککەوتننامەی ئاداری ۱۹۷۰ لە نێوان دەوڵەتی ناوەندی و کورداندا واژۆ کرا. عسمەت شەریف وانلی هەردوو قۆناغی پێش و پاش یانزەی ئاداری ۱۹۷۰، واتە لە ۱۹٦۱ـەوە بۆ ۱۹۷۵ بە یەک قۆناغی مێژوویی ناودێر دەکا و پێی وایە کوردانی باشوور لە پاش ئەو ڕێککەوتننامەیە هەوڵی درێژەپێدانی ئامانجەکانی پێش ئەو ڕێککەوتننامەیەیان دەدا. هەر بۆیەش وانلی لە دەستەواژەی «شەڕی ڕزگاریبەخش» بۆ ئەو قۆناغە کە چواردە ساڵی خایاند، کەڵک وەردەگرێ (کەندال و ئەوانی تر، ۱۹۷۹: ۱۸٦). لە ساڵی ۱۹۷۵دا بە هۆی واژۆکردنی ڕێککەوتننامەی جەزایرەوە لە نێوان ئێران و عێراقدا، دەوڵەتی عێراق سیاسەتی سەرکوتکردن، گۆڕینی پێکهاتەی قەومی، دوورخستنەوەی بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستان بۆ باشووری عێراق و نیشتەجێکردنی خەڵکی عەرەب لە جێگایان، کوشتن و زیندانیکردنی گرتەبەر (کوچێرا، ۱۳۷۷: ٤۳٤).

ڕژێمی بەعس پاش کیمیابارانی هەڵەبجە، لە ساڵی ۱۹۸۹دا کۆمەڵە ئۆپەراسیۆنێکی بە ناوی ئەنفال دەستپێکرد کە بوو بە هۆی کاولکردنی نزیکەی پێنج هەزار گوند و ئاوارەیی یەک ملیۆن کەس و کوژرانی ژمارەیەکی زۆری کوردان. بە پێی ئاماری فەرمیی وەزارەتی شەهیدانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە ئەنجامی ئەم ئۆپەراسیۆنەدا زیاتر لە ۱۸۰ هەزار کەس بە شێوەیەکی هۆڤانە کۆمەڵکوژ کران. لە کۆتایی زستانی ساڵی ۱۹۹۰دا و بەر لە ڕووخانی ڕژێمی سەدام، خەڵکی باشووری کوردستان لە دژی ئەو دەسەڵاتە ڕاپەڕین. چالاکییەکانی بەرەی کوردستانی و شۆڕشی جەماوەریی کورد بووە هۆی ئەوەی ئەم ڕاپەڕینە لە کەمتر لە بیست ڕۆژدا سەربکەوێ.

## ۲-۲- پێشینەی فەرهەنگی

یەکێک لە هەوڵە شوێندانەرەکان لە ئاقاری زمان و ئەدەبی کوردی لە شەستەکانی کوردستانی عێراقدا بریتیبوو لە کردنەوەی بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانستگەی بەغداد. شاعیرانی ناسراو و نوێخوازی کورد، گۆران و جگەرخوێن، و هەروەها لێکۆڵەری ناوداری کورد، مامۆستا عەلائەدین

سەجادی و تێکۆشەرانی تری ئەم بوارە وەکوو مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس دەوری بەرچاویان لە دامەزراندنی ئەم بەشە زانکۆییەدا گێڕا. ئەم بەشە بۆ یەکەم جار لە سەردەمی دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم لە ساڵی ١٩٥٩دا لە زانکۆی ئەدەبیاتی زانستگەی بەغداد کرایەوە و دواتر لە ناوەڕاستی حەفتاکاندا دووەمین بەشی زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی پەروەردەی مامۆستایانی ئیبنی ڕوشد-ی هەمان زانستگەدا دامەزرا.

جیا لە توێژەرانی ناسراوی ئەم ئاقارە، زۆربەی لێکۆڵەران و مامۆستایانی ئەم بەشە و ناوەندەکانی تری سەر بە زمان و ئەدەبی کوردی لە بەغداد لە حەفتاکان و هەشتاکانی زایینیدا دەرچووانی ناوەندە ئاکادێمیکەکانی سۆڤیەت و وڵاتانی تری بلۆکی ڕۆژهەڵاتی ئەو سەردەمە بوون. لەم نێوەدا پێویستە ئاماژە بۆ دەوری بەرچاوی بەشی کوردۆلۆجیی ئاکادێمیی زانستە ڕۆژهەڵاتییەکانی سەنتپترزبۆرگ بکەین کە لە ساڵی ١٩٥٩دا بە هەوڵی پرۆفیسۆر یۆسف ئۆربیلی دامەزرابوو. میشێل لیزنبێرگ بە وردی ئاماژە بۆ هەوڵەکانی پرۆفیسۆر ئۆربێلی دەکات و پێی وایە کوردۆلۆجی لە سۆڤیەت میراتێکی زێدە دەوڵەمەندی بۆ توێژینەوە کوردییەکان بەجێ هێشت کە باندۆری لە سەر بارودۆخی ئەدەبی و لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان لە هەموو پارچەکانی کوردستان دانا (٢٠١١: ٤٧٥). هەر بەو شێوەیەش، فیلیپ کرێینبرۆک ئاماژەی بۆ کاریگەریی کردنەوەی ئەو بەشە زانستییە لەسەر پەرەپێدانی لێکۆڵینەوەی کوردی لە شارەکانی تری سۆڤیەت کردووە: «دواتر، بەشی کوردۆلۆجی لە دامەزراوەی زانستە ڕۆژهەڵاتییەکانی گرێدراوی ئاکادێمیی زانستەکانی سەنتپترزبۆرگ لە بەشی ئێرانناسی جیا بووەوە و بە شێوەی سەربەخۆ دەستیدایە لێکۆڵینەوەی زمان، دیرۆک و فەرهەنگی کوردان. بەشی کوردۆلۆجی پاش دامەزرانی لە سەنتپترزبۆرگ، لە مۆسکۆ و یێریڤان-یش کرایەوە» (کرێینبرۆک و سپلێر، ١٩٩٢: ١٦٥). دەرچووانی بەشگەلی تایبەت بە توێژینەوەی زمان و ئەدەبی کوردیی ناوەندە ئاکادێمیکەکانی سۆڤیەتی پێشوو ڕوویان لە زانستگەی بەغداد کرد و دەستیان دایە چالاکیی فێرکاری و لێکۆڵینەوەی زانستی.

یەکێکی تر لە ناوەندە زانستی و فەرهەنگییەکانی حەفتاکان -کە لە ئەنجامی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠دا دامەزرا- کۆڕی زانیاریی کورد بوو. ئەم ناوەندە دەورێکی ئێجگار گرنگی لە پێشکەوتنی توێژینەوە کوردییەکاندا هەبوو.

ئـەم ناوەنـدە بـە شـێوەیەکی فەرمـی لـە ڕۆژی ٢٩ ئووتـی سـاڵی ١٩٧٠ کرایـەوە و تـا سـاڵی ١٩٧٨ چالاکـی باشـی نوانـد و لـەم ڕێککەوتـە بـەدواوە تێهەڵکێشـی کـۆڕی زانیاریـی عێـراق کـرا (ماڵپـەڕی ئاکادێمیـای کـوردی)[١]. لێکۆڵـەران، نووسـەران و ئەدیبانـی گـەورە و نـاوداری کـورد وەکـوو مەسـعوود محەمـەد، شـکور مسـتەفا، هـەژار، هێمـن، کامیـل حەسـەن ئەلبەسیر و هتـد لـەو ماوەیـەدا بـە شـێوەی چالاکانە هاوکاریـی کـۆڕی زانیاریـی کـورد و بەشـە زانکۆییەکانـی زمـان و ئەدەبـی کوردییـان دەکـرد. کەسـایەتییە ئاماژەبۆکراوەکانـی سـەرەوە بـە هەوڵـی بێوچانـی خۆیـان توانیـان لـە مـاوەی کەمـتر لـە یـەک دەیـە لـە ڕێـی بڵاوکردنـەوەی بەرهەمەکانـی خۆیـان و توێژەرانـی دیکـەوە، خزمەتێکـی زۆر پێشـکەش بـە زمـان و ئەدەبـی کـوردی بکـەن. ئـەم بەرهەمانـە لـە فۆڕمـی توێژینەوەگەلـی ڕەسـەن لـە ئاقارەکانـی ڕێزمـان، ڕێنووس، وشـەبژێری و وشـەڕۆنان، زمانناسـی، ئەدەبیـات، فۆلکلۆرناسـی، مێژوونووسـی و هەروەهـا وەرگێرانـی بەرهەمـە بەرچـاوە کلاسـیکەکانی نەتەوەکانـی تـر ئەنجـام دران و بوونـە هـۆی گەشـە و دەوڵەمەندیـی زمـان و ئەدەبیـات و توێژینەوەکانـی پەیوەسـت بـە کوردستانناسـی.

بـە پێـی ڕێککەوتننامـەی ئـاداری ١٩٧٠، دەوڵەتـی عێـراق بـۆ یەکـەم جـار دانـی بـە مافـی سیاسـی و فەرهەنگـی کوردانـدا نـا. هەنـدێ لـە دەسـتکەوتە فەرهەنگییەکانـی ئـەم ڕێککەوتننامەیـە بریتیبـوون لـە دامەزراندنـی کـۆڕی زانیاریـی کـورد، چاپـی بەربـڵاوی چاپەمەنـی بـە زمانـی کـوردی، پەرەسـەندنی وێسـتگە رادیۆیـی و تەلەڤزیۆنییـەکان، گەشـەکردنی ناوەنـدە زانسـتییەکان وەک زانکـۆی سـلێمانی و دامەزراندنـی یەکیەتیـی نووسـەرانی کـورد. گـەر چاوێـک بـە مادەکانـی ڕێککەوتننامـەی یانـزەی ئـاداردا بخشـێنین، تێدەگەیـن کـە بەشـێکی زۆریـان تەرخـان کـراون بـۆ مافـە زمانـی و فەرهەنگییەکانـی گەلـی کـورد لـە عێـراق و بووژانـەوەی زمـان و ئـەدەب و فەرهەنگـی کـوردی (کەنـداڵ و ئەوانـی تـر، ١٩٧٩: ١٩٤). لـە حەفتاکانـدا هەروەهـا هەنـدێ چالاکیـی سـەرنجڕاکێش لـە بـواری فەرهەنگـی و ڕۆژنامەگەریـی کوردیـدا بەڕێـوە چـوو. بڵاوکردنـەوەی ڕۆژنامـەی خەبـات، ئۆرگانـی فەرمیـی پارتـی دێمۆکراتـی کوردسـتان، کـە پێشـتر لـە سـاڵی ١٩٦١دا بـە فەرمانـی عەبدولکەریـم قاسـم داخرابـوو، دەسـتی پێکرایـەوە. هەروەهـا ڕۆژنامەکانـی دەنگـی کوردسـتان، رزگاری و حەفتەنامـەی ڕۆناهـی لـەو ماوەیـەدا بـڵاو بوونـەوە.

١ http://kurdish-academy.com

لە نێو گۆڤارە کوردییەکانی ئەو کاتەدا دەتوانین ئاماژە بۆ کاریگەریی زۆر بەرچاوی توێژینەوە ڕەسەنەکانی گۆڤارگەلی کۆڕی زانیاریی کورد و زانستگەی سەلاحەدین بکەین کە لە باری چەندایەتی و چۆنایەتییەوە سەرنجی خەڵکیان ڕاکێشابوو. ڕۆژنامە و حەفتەنامە کوردییەکانی چاپی بەغدادیش لە حەفتاکانی زاییندا دەوری ئەرێنییان لە بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکاندا لە فۆرمی شیعر و کورتەچیرۆک و هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی پەخشان و شێوازی ڕۆژنامەگەرانەی زمانی کوردیدا گێڕا. هەوڵەکانی کۆڕی زانیاریی کورد، ناوەندە زانکۆییەکان و گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان لە ئاقاری وشەبژێری و وشەڕۆنان بۆ زاراوە پسپۆڕانە و ئیدارییەکان لەو کاتەدا جێی ڕێز و بایەخێکی زۆرە.

لە لایەکی ترەوە، بەرنامە فەرهەنگی و ئەدەبییەکانی رادیۆ لە حەفتاکان و هەوڵی لەو چەشنە لە هەندێ بەرنامەی تەلەڤزیۆنیی هەشتاکاندا تا ڕادەیەکی زۆر یارمەتیی گشتگیربوونی زمان و ئەدەبی کوردیی دا. لەم نێوەدا ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەی سەر بە پارت یان بزووتنەوە و کەسایەتییە سەربەخۆکانی نەیاری حکوومەتی ناوەندی بوون، دەورێکی زۆر بەرچاویان لە گەشەکردنی زمان و ئەدەبی کلاسیک و هاوچەرخی کوردیدا هەبووە. هەروەها گۆڤارەکانی کاروان، بەیان، و ڕۆشنبیری نوێ کە لە کۆتایی حەفتاکان و هەشتاکانی زاییندا بڵاو دەبوونەوە، پەرەیان بە بڵاوبوونەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکان بە زمانی کوردی و ژانر و فۆرمی جۆربەجۆری ئەدەبی دا.

ئەگەرچی لە حەفتاکاندا هەوڵەکان بۆ پەرەدان بە زمان و ئەدەبی کوردی زۆرتر لە بەغداد بوو، لە هەشتاکان بەم لاوە زۆربەی بەرهەمەکان لە کوردستانی باشووردا بڵاو دەبوونەوە. لەم دەیەدا چەشنێکی نوێی ئەدەبی خۆڕاگری سەریهەڵدا کە لە بەرهەمەکانی کەسانێک وەک عەبدوڵا پەشێو، شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت و ڕەفیق سابیردا گەیشتە تەشقی خۆی. ئەم شاعیرانە بەرهەمەکانیان لە گۆڤاری پارتە سیاسییە دژبەرەکانی حکوومەتی ناوەندی و یان لە دووتوێی کتێبدا بڵاو دەکردەوە. هەروەها کە دوکتۆر ئەرسەلان بایز لە کتێبەکەیدا بە ناوی ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزووتنەوەی شیعری کوردی ئاماژەی پێ داوە، زۆرینەی چاپخانە و دەزگا ڕاگەیاندنەکانی پارتە کوردییەکان لە دەیەی هەشتادا دەستیان دایە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە بەرهەمانە (بایز، ٢٠٠١). بە دامەزرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١، چالاکییە فەرهەنگییەکان

گەشـەیەکی بەرچـاوی بـە خۆیـەوە بینـی؛ بـە چەشـنێ کـە ئەمـڕۆ دەبینیـن هـەزاران ناونیشـان کتێـب لـە بوارگەلـی مێـژوو، فەرهەنـگ و ئەدەبـی کوردیـدا و ژمارەیەکـی زۆری گۆڤـار و ڕۆژنامـە لـە بەسـتێنە جیاجیاکانـدا بـڵاو دەبێتـەوە. هەروەهـا خوێندنی کـوردی گشـتگیر و بەرفـراوان بووەتـەوە و چەندیـن ناوەنـدی فێـرکاری و زانسـتی کراونەتـەوە.

### ۲-۳- پێشینەی ئەدەبی: ڕەوتی گەشەی شیعری نوێ

سـەرهەڵدانی شـیعری نوێـی کـوردی لـە عێـراق بـۆ هەوڵەکانـی چەنـد شـاعیرێکی نوێخـوازی کـورد لـە ناوەڕاسـتی سـەدەی بیسـتەم دەگەڕێتـەوە. لـەو سـەردەمەدا چەندیـن گۆڤـار و ڕۆژنامـە و کتێـب لـە بەغـداد و سـلێمانی بـڵاو دەکرانـەوە. کێشـەی نێـوان شـیعری نـوێ و کلاسـیک بـۆ یەکـەم جـار لـەم بڵاڤۆکانـەدا باسـیان لەسـەر کـرا. شـێخ نـووری شـێخ سـاڵح وەکـوو یەکەمیـن دەنگـی دەسـتپێشـخەر لـە ڕەوتـی نوێبوونـەوەی شیعری کرمانجـی ناوەڕاسـت دەورێکـی بەرچـاوی گێـڕا و بـە نووسـین و بڵاوکردنـەوەی چەندیـن بابـەت، پێویسـتیی سـەرهەڵدان و گەشـەکردنی شـیعری نوێـی کوردیـی ڕوون کـردەوە. ئەگەرچـی شـێخ نـووری دەسـتپێکەری ئـەم ڕەوتـە بـوو، بـەڵام گـۆران دەوری زۆر بەرچـاوی لـە مسـۆگەرکردن و پەرەسـەندنیدا هەبـوو و زۆربـەی لێکۆڵـەران ئـەو بـە باوکـی شـیعری نوێـی کـوردی دەناسـێنن. شـێخ نـووری و گـۆران وەک داهێنەرانـی ئـەم ڕەوتـە شـیعرییە هەوڵـی نوێکردنـەوەی شـیعری کوردییـان دەدا. شـاعیر و ڕۆژنامەنووسـی گـەورەی کـورد، پیرەمێـرد، لـە دواقۆناغـی ژیانـی ڕۆشـنبیرییدا لـە نزیکـەوە بـە وردی ئـاگاداری هەوڵەکانـی شـێخ نـووری و گـۆران لـەم پێنـاوەدا بـوو و دەرگای چاپەمەنییەکانـی بـۆ مشـتومڕە ئەدەبییـەکان ئـاوەڵا کردبـوو.

ئەگەرچـی پـاش ئـەم ڕێککەوتـەش چەندیـن دیوانـی شـیعری شـاعیرانی هاوچـەرخ لـە سـەر ڕێگـە و ڕێچکـەی شـیعری کلاسـیکی کـوردی بـڵاو کرانـەوە، بـەڵام دەتوانیـن بڵێیـن شـیعری نوێـی کـوردی بـە ڕابەرایەتیـی گـۆران و شـاعیرانی دوای ئـەو، بزووتنـەوەی زاڵـی ئەدەبیـی ئـەو سـەردەمە پێکدەهێنـێ. بەرهەمـی شـیعریی گـۆران وەکـوو داهێنەرێکـی سـەرەکی و پەرەپێـدەری شـیعری نوێـی کـوردی، خاڵـی پێکگەیشـتنی دوو سـامانی گـەورەی شـیعری کلاسـیکی کوردییـە کـە بریتیـن لـە دوو نەریتـی گۆرانـی و کرمانجیـی ناوەڕاسـت. بـە واتایەکـی تـر، لـە لایەکـەوە شـیعری

گـۆران وەکـوو نەریتـی گۆرانـی لـە سـەر کێشـی بڕگەیـی و خۆماڵـی داڕێـژراوە و لـە لایەکـی تریشـەوە، لـە زاراوەی ئەدەبـی کلاسـیکی کرمانجیـی ناوەڕاسـت کەڵکـی وەرگرتـووە. بـە ڕای هەنـدێ لـە توێـژەران، شـیعری گـۆران وەکـوو خاڵـی بەیەکگەیشـتنی شـیعری دوو شـاعیری گـەورەی کـوردی سـەدەی نۆزدەهـەم، مەولەویـی کـورد و نالـی، لـە قەڵـەم دەدرێ. هەڵبـەت پێویسـتە ئامـاژە بـەوەش بکـرێ کـە ڕەوتـی نوێبوونـەوەی شـیعری تورکـی بـە دەستپێشـخەریی بزووتنـەوەی «فەجـری ئاتـی» و شـاعیرانی نوێخـوازی وەک تۆفیـق فیکـرەت و هەروەهـا بزووتنەوە شـیعرییەکانی ئەدەبـی ڕۆژئاوایـی تـا ڕادەیـەک کاریگەرییـان لـە سـەر شـیعری گۆران دانــاوە.

هەنـدێ لـە لێکۆڵـەران وەکـوو عێزەدیـن مسـتەفا ڕەسـووڵ، گـۆران بـە شـاعیرێکی ڕیالیسـت دەزانن. مستەفا ڕەسـووڵ سـەرجەم سـامانی ئەدەبـی کرمانجیی ناوەڕاسـت تـا ناوەڕاسـتی سـەدەی بیستەم بـە ئەدەبـی کلاسـیکی کـوردی ناوبـردە دەکا. هـەر بـە هەمـان شـێوەش سـەرجەم وێـژەی گۆرانـی و لـە لووتکەیـدا شـیعری مەولـەوی بـە ئەدەبـی ڕۆمانتیکی کـوردی لـە قەڵـەم دەدەن. لـە ڕوانگـەی ئـەوەوە ئەدەبـی کـوردی بـە سـەر سێ بەشـی گـەورەی کلاسـیزم (ئەدەبـی کلاسـیکی کرمانجیـی ناوەڕاسـت و سـەروو)، ڕۆمانتیـزم (وێـژەی گۆرانـی) و ڕیالیـزم (شـیعر و چیرۆکـی ناوەڕاسـتی سـەدەی بیسـتەم لـە کوردسـتانی عێـراق) دابـەش دەکـەن (مسـتەفا ڕەسـووڵ، ١٩٦٨). هـەر بـە هەمـان شـێوە، مـارف خەزنـەدار لـە نامـەی دوکتۆراکەیـدا -کـە پێشکەشـی بەشـی کوردۆلۆجـی لـە ئاکادێمیـای ڕۆژهەڵاتناسـیی سـەنتپترزبۆرگی کـردووە- لەسـەر ئـەو بـاوەڕە پـێ دادەگـرێ کـە زۆربـەی بەرهەمـە ئەدەبییەکانـی ناوەڕاسـتی سـەدەی بیسـتەم تـا حەفتـاکان، خـاوەن مـۆرک و تایبەتمەندییەکـی ڕیالیسـتین. ئەویـش پێـی وایـە کـە شـیعری کـوردی لـە شەسـتەکاندا لـە قوتابخانـەی ڕیالیزمـدا خـۆی دەبینێتـەوە (١٩٦٧). هەڵبـەت دەکـرێ لـە ڕوانگەیەکـی دیکـەوە شـیعری نوێـی کـوردی بـە ڕابەرایەتیـی گـۆران لـە کوردسـتانی عێـراق و سـوارەی ئێلخانیـزادە لـە کوردسـتانی ئێـران بـە ڕۆمانتیزمـی نـوێ ناوببەیـن؛ چونکـە ڕیالیـزم وەکـوو قوتابخانەیەکـی ئەدەبـی زیاتـر لـە دوو ژانـری ئەدەبیـی چیـرۆک و شـانۆنامەدا ڕەنگـی داوەتـەوە. ئەگەرچـی لـە شـیعری نوێـی کوردیـدا هەسـت بـە نواندنـەوەی بنواتـا ڕیالیسـتییەکان دەکـرێ، بـەڵام ناکـرێ بـە شـیعری ڕیالیسـتی ناویـان لـێ بەریـن (سـەجادی، ١٣٧٨).

ئـەو ڕەوتـە شـیعرییەی گـۆڕان و هاوڕێیانـی خسـتیانە ڕێ، لەبـەر چـوار هـۆی سـەرەکی نەیتوانـی لـە گوتـاری ئەدەبیـدا ڕواڵەتـی زاڵ و گشـتگیر لـە خـۆ بگـرێ: مەرگـی گـۆڕان لـە سـەرەتای شەسـتەکاندا، بڵاوبوونـەوەی چەندیـن بەرهەمـی شـیعری لـە فۆڕمـی کلاسیکدا، چالاکنەبوونـی شـاعیرانی نوێخـوازی شەسـتەکان، و ئامادەنەبوونـی زەینییەتـی جەمـاوەر و کۆمەڵـگا بۆ وەرگرتنی فۆڕم و شـێوازی شـیعری نـوێ. هەڵبـەت، لـە حەفتاکانـدا هەنـدێ شـاعیری گـەورەی دیکـە لـە کوردسـتانی باشـووردا ناوبانگیـان دەرکـرد. بـەو جـۆرەی کاکـەی فـەلاح لـە کتێبەکەیـدا بـە نـاوی کاروانـی شـیعری نوێـی کـوردی (۱۹۸۰) باسـی کـردووە، شـاعیرانێک وەکـوو کامران موکـری، دیـلان و بەختیـار زێـوەر لـەو سـەردمەدا، واتـە لـە کۆتایـی شەسـتەکان و سـەرەتای حەفتاکانـدا، توانییـان پلـە و پایەیەکـی بـەرز لـە شـیعری کوردیـی ئـەو قۆناغـەدا بـۆ خۆیـان دەسـتەبەر بکـەن.

لـە کۆتایـی شەسـتەکان و سـەرەتای حەفتاکانـدا، چەندیـن ڕەوتـی گرنگـی ئەدەبـی لە شـیعری نوێـی کوردیـدا سـەریانهەڵدا. توێـژەران ڕوانگـەی جیاجیایـان سـەبارەت بـە ناسـاندن و پۆلێنبەندیـی ئـەو ڕەوتـە شـیعریانە ئاڕاسـتە کـردووە. ئەگەرچـی چەندیـن ڕێبـاز و ڕەوتـی جۆراوجـۆری شـیعری لـە حەفتـاکان و هەشـتاکاندا سـەریانهەڵدا، بـەڵام ئێمـە پێمان وایـە دوو ڕەوتـی گرنگـی شـیعری بـە ناوەکانـی ڕوانگـە و کفـری لەچـاو ڕەوتەکانـی تـر هێنـدە گەشـەیان بـە خۆیانـەوە بینـی کـە دەتوانرێـن وەکـوو دوو قوتابخانـەی سـەرەکیی شـیعری ئـەو سـەردەمە لـە قەڵـەم بدرێـن. یەکـەم ڕەوتـی ئەدەبیـی گرنـگ لـەم قۆناغـەدا بریتییـە لـە قوتابخانـەی ڕوانگـە کـە شـێرکۆ بێکـەس، شـاعیری زۆر بەناوبانگـی کـورد، دامەزرێنـەری بـوو؛ دووەم، قوتابخانـەی کفـری کـە لەتیـف هەڵمـەت ناسراوتریـن شـاعیری ئـەو ڕێبازەیـە. لـە خـوارەوەدا پـاش ناسـاندنی ئـەو دوو قوتابخانەیـە هـەوڵ دەدەیـن بەرهەمێکـی دیاریکـراوی ئـەو شـاعیرانە وەکـوو نموونـەی شـیعری ئـەو قوتابخانەگەلـە شـی بکەینـەوە و لـە کۆتاییـدا مۆرکـی شێوازناسـانەی ئـەو بەرهەمانـە بخەینـە ڕوو.

## ۳- پێشینەی لێکۆڵینەوە

ئەگەرچـی ژمـارەی سـەرچاوەکان سـەبارەت بـە خوێندنەوەی شێوازناسـانەی شـیعری کـوردی لـە پـاش ۱۹۷۰ بەگشـتی و شـیعری کـوردی لـە باشـووری کوردسـتان بەتایبەتـی زۆر کەمـە، بـەڵام هەنـدێ هەوڵـی بەرچـاو بەتایبـەت لـەم سـاڵانەی دوایـی

لەو بەستێنەدا دراوە. ڕەخنەکان سەبارەت بە بەرهەمی شیعریی ئەو دوو شاعیرە و خوێندنەوەی لایەنە جیاجیاکانی شیعرەکانیان زیاتر لەسەر بەرهەمەکانی قۆناغی پاش سەرهەڵدان و بووژانەوەی هەر دوو قوتابخانە شیعرییەکە بە ئەنجام گەیشتوون. بە واتایەکی تر، لە کاتێکدا ژمارەی لێکدانەوەکان لەبارەی بەرهەمە شیعرییەکانی قۆناغی یەکەمی ئەو دوو قوتابخانەیە زۆر کەمە، بەڵام چەندین لێکۆڵینەوەی وردەکارانە لەسەر شیعری قۆناغی دوایی ئەو دوو شاعیرە نووسراوە.

ژمارەی لێکۆڵینەوەکان لەسەر شیعری شێرکۆ زیاتر لە خوێندنەوەی بەرهەمی شاعیرانی هاوچەرخی ترت. ئەگەرچی بەشێکی زۆری نووسینەکان لەسەر شێرکۆ بێکەس و تەنانەت قوتابخانەی ڕوانگەش زیاتر تیشکیان خستۆتە سەر لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئەو ڕەوتە شیعرییە و کەمتر ئاوڕیان لە لایەنی ئەدەبی و شێوازی جوانیناسانەی شیعری شیرکۆ داوەتەوە؛ بەڵام هەندێ توێژینەوەی بابەتیانەش لە ڕواڵەتی ڕەخنەی ئەدەبیدا لەسەر بەرهەمەکانی ئەنجام دراون. نموونەیەکی بەرچاو، کۆمەڵە وتارێکی نووسەران و ڕەخنەگرانی بەناوبانگی کوردە کە لە دووتوێی کتێبێکدا بە ناوی تیرێژەکان و شیعری شێرکۆ بێکەس بڵاو کراونەتەوە. هەندێ لەو ناوە دیارانەی لە ڕەوتی ڕەخنەکاریی شیعری شێرکۆدا بەشدارییان کردووە بریتین لە: شیرزاد حەسەن، بەختیار عەلی، ڕێبین هەردی و عەتا قەرەداغی.

نووسەری ناسراوی کورد، بەختیار عەلی، لە توێژینەوەیەکی تێروتەسەلدا لەسەر شیعری شێرکۆ بێکەس پێی وایە پرسیار لە نهێنییەکانی ئەزموونی شێرکۆ بێکەس پرسیارە لە مێژووی شیعر و فەرهەنگ و تەنانەت ئەزموونی سیاسیی کورد. بەختیار عەلی دەنووسێ: «شێرکۆ بێکەس لە بەردەم دەرگای شیعری کوردیدا وەستاوە... ئەم پیاوە لە کۆتایی شەستەکانەوە دەست پێدەکات و لە سەفەری درێژی خۆیدا هیچ بەربەستێکی شیعریی سەخت لە سەر ڕێگایدا نەوەستاوە، بەڵام شێرکۆ لە بەردەم نەوە شیعرییەکانی دوای خۆیدا بەربەستێکە کە بڕین و شکاندنی کارێکی ئاسان نییە» (١٩٩٩: ٢٠). لە بەشێکی تری نووسینەکەیدا تیشک دەخاتە سەر پێوەندیی نێوان مێژوو و شیعر لە بەرهەمی شێرکۆدا و دەنووسێ: «شێرکۆ تا ئێستا نزیکترین دەنگە کە هەناسەکانی مێژووی ئێمە لە سەر ڕیتمێکی شیعری ئەنووسێتەوە» (٣٢). هەروەهاش، ڕێبین

هەردی لە وتارێکدا بە ناوی «سەرهەڵدان و هەرەسهێنانی وێنەی باوک لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا» پێی وایە دەکرێ سەرجەم بەرهەمی شیعریی شێرکۆ بێکەس بەسەر دوو قۆناغی جیاوازدا دابەش بکرێ کە بریتین لە قۆناغی پێش هەرەسهێنانی شۆڕشی کورد و قۆناغی پاش ئەوە. لێرەدا مەبەست لە هەرەس ڕووداوە سیاسییەکانی ١٩٧٥ـە کە نسکۆ و کارەساتی لێکەوتەوە. لەم ڕوانگەوە، سێ دیوانی تریفەی هەڵبەست، کەژاوەی گریان و من تینوێتیم بە گڕ دەشکێ دەکەونە خانەی قۆناغی یەکەمەوە (١٩٩٩: ١٧٧).

هەندێک لە بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەس، لەوانە دەربەندی پەپوولە، بۆننامە و ڕەنگدان زۆرتر بوونەتە جێی سەرنجی لێکۆڵەران و بە پێی ڕوانگەی جۆراوجۆر لێیان کۆڵراوەتەوە؛ بۆ نموونە، لەسەر دیوانی ڕەنگدان-ی شێرکۆ بێکەس چەندین توێژینەوەی جیاجیا ئەنجام دراوە و هەرکامیان لە ڕوانگەیەکەوە ڕەهەندێکی ئەو شیعرەیان خستۆتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. لوقمان ڕەئووف لە وتاری «سیمیۆلۆژیای ڕەنگ لە شیعری شیرکۆ بێکەسدا: دیوانی ڕەنگدان بە نموونە» باس لەوە دەکات کە شاعیر بە شێوەیەکی بەربڵاو کەڵکی لە ڕەنگ و بەتایبەت ڕەنگەکانی سوور و شین و ڕەش وەرگرتووە و هەست و سۆزەکانی بە ڕەنگ نەخشاندووە. هەروەها دەنووسێ «ناونانی دیوانێک بە ڕەنگدان لە خۆوە نییە و نەبووە، بەڵکوو پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە ژینگە و لایەنی دەروونی و ڕۆشنبیری و کولتووری و هتد هەبووە» (ڕەئووف، ٢٠١٧: ٤٨٠). لە لایەکی ترەوە ئاسۆ جەبار لە لێکۆڵینەوەیەکدا لەسەر قەسیدەی ڕەنگدان، تیشکی خستۆتە سەر لایەنی مەعریفی و بوونناسانەی ئەو شیعرە و چۆنیەتیی کەڵکوەرگرتنی شاعیر لە بنەما و هونەرە مۆدێرنیستییەکان بە مەبەستی ئاڕاستەکردنی ناوئاخنی شیعرەکە بە چەشنێکی ئەدەبی و لە هەمبەر تەوژمی مۆدێرنیتەدا (جەبار، ٢٠٠٢). هەروەها توێژەرانێکی تر وەکوو عەتا قەرەداغی (٢٠٠٢) و ڕێبوار سیوەیلی (٢٠٠٣) لە سەر شیعری شێرکۆ بەگشتی و بەتایبەت قەسیدەی ڕەنگدان توێژینەوەیان بڵاو کردووەتەوە.

لوقمان ڕەئووف لە وتاری «وشەی فەرهەنگی لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا» پەرژاوەتە سەر ئەو وشانەی گەرچی ڕەسەنی کوردین بەڵام ماناکانیان بۆ زۆربەی خوێنەران ڕوون نییە و شیرکۆ بە مەبەستی زیندووکردنەوەیان بە کاری هێناون (٢٠١٦). هەروەها لە وتاری «یاخیبوون لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا:

دیوانــی ئێســتا کچێــک نیشــتمانمە بــە نموونــە» باســی جۆرەکانــی یاخیبوونــی کــردووە و یاخیبــوون لــە دەســەڵاتی سیاســی و گەندەڵــی بــە بەرچاوتریــن جــۆری یاخیبوونــی نێــو ئــەم دیوانــە نــاو دەبــا. لــەم بــارەوە دەنووســێ: «یاخیبوونەکــەی شــێرکۆ یاخیبوونــی پۆزەتیڤــن، بــەو مانایــە شــێرکۆ لــە پێنــاو باشــبووندا یاخــی بــووە، نــەک ڕق لێبوونــەوە و دژایەتیکــردن» (ڕەئــووف، ٢٠١٦).
هەروەهــاش دەتوانیــن ئامــاژە بــۆ ناونیشــانی هەنــدێ لــە وتارەکانــی تــری ڕەئــووف و هاوکارانــی بکەیــن کــە هەوڵیــان داوە بــە کەڵکوەرگرتــن لــە چەمــک و بۆچوونــە ڕەخنەیــی و تیۆریکــە هاوچەرخــەکان هەنــدێ لایەنــی دیــاری شــیعری شــێرکۆ بێکەس شــی بکەنــەوە. هەنــدێ لــەو وتارانــە بریتیــن لــە: «بنەمــا و پێکهاتــەی پەخشانەشــیعر: شــێرکۆ بێکــەس وەک نموونــە» (ڕەئــووف، ٢٠١٣)، «گوتــاری پۆلیفۆنــی لــە دەقــە واڵاکانــی شــێرکۆ بێکەســدا» (عومــەر حەســەن و ڕەئــووف، ٢٠١٥) و «کارنامــەی ناونیشــان لــە دەقــە واڵاکانــی شــێرکۆ بێکەســدا» (ڕەئــووف و محەمــەد عەلــی، ٢٠١٥).
شــادان قــادر حەســەن لــە کتێبــی بزووتنــەوەی ڕوانگــە و شــیعری نوێــی کــوردی پێــی وایــە مۆرکــی جیاکــەرەوەی قوتابخانــەی ڕوانگــە لــە گەڕیانــە ئەدەبییەکانــی تــری ئــەو ســەردەمە بریتییــە لــە گرنگیدانــی زۆر بــە تەکنیکــە ئەدەبییــەکان (٢٠٠٥: ٩٦). کتێبــی ســیماکانی پۆســتمۆدێرنە لــە ئایدیــای شــیعریی شــێرکۆ بێکەســدا (٢٠١١) یەکێکــی تــر لــە توێژینەوەکانــی ڕەئــووف لوقمانــە لــە پێوەنــدی لەگــەڵ خوێندنــەوەی شــیعرەکانی شــێرکۆ بێکەســدا. لــە لایەکــی دیکــەوە، تەبــاری و ئەوانــی تــر تیشــکیان خســتۆتە ســەر ڕەنگدانــەوەی لایەنــی کۆمەڵایەتیــی بەرهەمەکانــی شــێرکۆ بێکــەس و «ئازادی»یــان وەک بنواتایەکــی فرەپــات و شــیعرەکانیان بــە ئاوێنــەی باڵانوێنــی ژان و نەهامەتــی و گرفتەکانــی کۆمەڵــگای ســەردەمی شــاعیر ناوبــردە کــردووە (١٣٩٥: ١٢).
ســەبارەت بــە خوێندنــەوەی شــیعرەکانی لەتیــف هەڵمــەت هەنــدێ لێکۆڵینــەوەی زانکۆیــی و وتــار ئەنجــام دراون. هاوژیــن ســلیوە عیســا لــە نامــەی دوکتۆراکەیــدا بــە ناونیشــانی ڕەهەنــدی دەروونــی لــە شــیعرەکانی لەتیــف هەڵمەتــدا -کــە ســاڵی ٢٠١٢ پێشکەشــی زانکــۆی کۆیــەی کــردووە- هەوڵــی داوە خوێندنەوەیەکــی دەروونناســانە لــە شــیعری لەتیــف هەڵمــەت ئاراســتە بــکات. ئــەو لــەم پێنــاوەدا ســەرەتا بەشــە پێکهێنەرەکانــی خــودی مرۆیــی و ئاســتە جیاجیاکانــی ئاگایــی مرۆیــی لــە ڕوانگــەی تیۆرییــە کلاســیکە دەروونناســانەکانەوە دەخاتــە بــەر بــاس و لێکۆڵینــەوە و پاشــان هــەوڵ دەدات زۆربــەی واتــا تاکەکەســی و ڕەهەنــدە دەروونییەکانــی شــیعری لەتیــف

هەڵمەت دەستنیشان بکات. سامان عێزەدین لە نامەیەکی ماستێردا بە ناونیشانی بنیاتی هونەری لە شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا -کە پێشکەشی زانکۆی بەغدادی کردووە- بە پێچەوانەی توێژینەوەی پێشوو، تیشکی خستۆتە سەر زمان و وێنە و شێوازی هونەریی شیعری لەتیف هەڵمەت، واتە ئەم توێژینەوە زیاتر لە فۆرمی ئەو شیعرانە کۆڵیوەتەوە و هەوڵی داوە تەکنیکە ئەدەبییەکانی ئەو شیعرانە دەستنیشان بکات کە مۆرکێکی نوێخوازانەیان بەخشیوەتە شیعری شێرکۆ بێکەس (۲۰۰۷).

سەبارەت بە قۆناغی یەکەمی شیعری لەتیف هەڵمەت، ئاوات محەمەد پێی وایە دیوانی خوا و شارە بچکۆلەکەمان -کە بە یەکەم بەرهەمی گرنگی قوتابخانەی کفری دادەنرێ- لە رووی زمانی ئەدەبییەوە گەیشتووەتە لووتکە و دەڵێت: «ئەو زمانە شیعرییەی لەتیف لە خوا و شارە بچکۆلەکەمان ڕەنگڕێژیی کردبوو، بایەخدان بوو بە جوانکاریی دەربڕین لە وێنەی شیعری تازەدا کە لەسەر بنەمای مامەڵەیەکی جیاواز لەگەڵ وشەدا دروست بووبوو» (۱۹۹۴). ئەو پێی وایە کە ئەو زمانە شیعرییەی لەتیف هەڵمەت تا کۆمەڵە شیعری ئەم ڕووبارە وشک ناکات درێژەی هەبوو. عەلی تاهیر بەرزنجی لە وتارێکدا بە ناونیشانی «نەرگسییەت یان خود لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا» پێی وایە ئەگەرچی بەشێکی زۆری شیعری کوردی زیاتر گرنگایەتی بە بابەتی کۆمەڵایەتی و کێشەکانی داوە، بەڵام لە بەشێکی شیعرەکانی لەتیف هەڵمەتدا خود بەرجەستە کراوەتەوە و بەکارهێنانی جێناوی یەکەم کەسی تاک وەکوو تاقە پێرسۆنای سەرەکیی شیعر، دەوری گرنگی گێڕاوە لە دەوڵەمەندکردنی شیعری هەڵمەت لەم ڕووەوە (تاهیر بەرزنجی، ۲۰۰۲).

## ۴- چوارچێوەی تیۆریک

### ۴-۱- شێوازناسی

چوار قوتابخانەی گرنگی شێوازناسیی هاوچەرخ بریتین لە شێوازناسیی وەسفی، شێوازناسیی پێکهاتنی، شێوازناسیی ئەرکخواز و شێوازناسیی پێکهاتەخواز. دامەزرێنەری شێوازناسیی وەسفی شارل بالی[1] ی سویسری، لە قوتابیانی فێردینان دوسوسورە کە بە بنیاتنەری شێوازناسیی نوێ دەناسرێت. شێوەی کاری

1- Leo Spitzer (1887-1960).

بالی بەم چەشنەیە کە ڕستە و کۆوشە و وشە هاوواتاکان پێکەوە بەراورد دەکات و بەو ئەنجامە دەگات کە ناوەڕۆکی ئەمانە ئەگەرچی وەکوو یەکن بەڵام لە ڕووی هەست و سۆزەوە جیاوازن. شێوازناسیی پێکهاتنی کە بە شێوازناسیی تاکەکەسیش ناسراوە، بە پێچەوانەوە بە دوای هۆکارەکانی پێکهاتنی شێوازی کەسەکیدا دەگەڕێت. لیۆ ئێسپیتزێر[1] ی ئاڵمانی بە دانەری ئەم شێوازە لە قەڵەم دەدرێت. شێوازناسیی ئەرکخواز بە ئاوڕدانەوە لە زمانناسیی ئەرکخواز، ئەرکی زمانی دەقەکە تاوتوێ دەکات. بە پێی ئەم شێوازە، زمانی ئەدەبی وەک چەشنێکی زمان، ئەرکێکی تایبەتی هەیە کە لەوانەیە ئافراندنی جوانی یان کارتێکەری و باندۆری لێ بکەوێتەوە. باسی سەرەکیی شێوازناسیی پێکهاتەخوازیش ئەوەیە کە هیچ پاژێک بە تاقی تەنیا واتادار نییە، بەڵکوو پاژ و هێمانەکانی هەر دەقێک دەبێ لە پێوەندیی لەگەڵ پاژەکانی تردا و بەگشتی لەگەڵ کۆی بەرهەمەکەدا لە بەرچاو بگیردرێ (شەمیسا، ۱۳۷۴: ۱۱۸-۱۲۹).

لە نێو توێژەرانی هاوچەرخی ئێراندا کەسانێک وەکوو بەهار، مەحجووب، خەتیبی، زەڕینکووب، شەفیعی کەدکەنی، ئیختیار، عیبادیان، شەمیسا، سەمەرە، میرسادقی و پوورنامداریان لەمەڕ شێوازناسی و شێوەی تاوتوێکردنی شێوازناسانەی دەقە ئەدەبییەکان بیر و بۆچوونی خۆیان دەربڕیوە. شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم توێژەرانە لەگەڵ دەقدا لە هەندێ ڕەهەندەوە وەکوو یەکە و لە هەندێ لایەنی تریشەوە زۆر جیاوازە. ئەم خاڵانەی خوارەوە، ئەو هێمانە هاوبەشانەن کە ئەم توێژەرانە لە خوێندنەوەی شێوازناسانەی دەقێکی ئەدەبی و زمانیدا سەرنجیان دەدەنێ: ۱. هزر و بیر و ڕوانگە؛ ۲. هەست و کەسایەتیی دانەر؛ ۳. وشەبژێری؛ ۴. چۆنیەتیی دەربڕین و شێوەی بەکارهێنانی زمان؛ ۵. بابەت و واتا و داڕشتنی هونەرییان؛ ۶. یەکیەتیی فۆڕم و ناوەڕۆک؛ ۷. تەبایی نێوان تایبەتمەندییە زمانی و هێمانە واتاییەکان؛ ۸. درکە و خوازە؛ ۹. بەستێنی بێژەیی؛ ۱۰. لادان لە زمان و ڕێسا ئاساییی و لۆژیکییەکانی (ئیرانزادە، ۱۳۹۰).

### ۴-۲- شێوازناسی لە ڕوانگەی سیرووس شەمیساوە

شەمیسا بە مەبەستی خوێندنەوەی شێوازناسانەی دەقێکی ئەدەبی، دەقەکە لە

1 Leo Spitzer (1887-1960).

سێ ئاستدا تاوتوێ دەکات کە بریتین لە: ئاستی زمانی، ئاستی هزری و ئاستی ئەدەبی. «شێوەیەکی خوێندنەوەی شێوازناسانە، تاوتوێکردنی بەستێنی بچووکە[1] و بریتییە لە تاوتوێکردنی شێوازناسانەی شیعر یان کورتەچیرۆک و هتد؛ لە بەرامبەردا، بەستێنی مەزن[2]، خوێندنەوەی شێوازناسانەی هەموو بەرهەمەکانی شاعیر یان نووسەر، یان قۆناغ، یان ژانرێکی ئەدەبی دەگرێتەبەر» (شەمیسا، ۱۳۷۴: ۱۶۱).

### ۴-۲-۱- ئاستی زمانی

ئەم ئاستە بۆخۆی بە سەر سێ لقی دەنگناسی، وشەناسی و ڕستەناسیدا دابەش دەبێت.

یەکەم: ئاستی دەنگی یان شێوازناسیی دەنگەکان

ئەم ئاستە -کە ئاستی ئاوازی (مۆسیقایی)شی پێ دەگوترێ- ئاوڕ لە دوو لایەنی دەقەکە دەداتەوە: ۱. ئاوازی دەرەوە (هەروەها پاڵەکی)، واتە کێش و سەروا و پاشسەروا؛ ۲. ئاوازی ناوەوە، واتە جوانکارییە بێژەییەکان وەک جۆرەکانی هاوشێوە، جۆرەکانی دووپاتە، جۆرەکانی سەجع و هتد.

دووەم: ئاستی وشەیی یان شێوازناسیی وشەکان

لەم ئاستەدا تیشک دەخرێتە سەر شێوەی وشەبژێری، بەرفراوانیی هەندێ لە وشەکان، وشە بیانییە بەکارهێنراوەکان، ئارکائیسم، وشە هاوواتاکان و هتد. «جار وایە هەندێ وشە لە بەرهەمی کەسێکدا سەرنجڕاکێشە و ئەمە دەتوانێ لە دیاریکردنی شێوازی کەسەکیدا یارمەتیدەر بێت» (۱۵۴).

سێیەم: ئاستی ڕستەیی یان شێوازناسیی ڕستە

لەم ئاستەدا ئاوڕ لە ڕستەکان لە ڕووی تەوەرەی هاونشینی، کورت و درێژی، شێوە و شوێنی جێگرتنی پاژەکانی ڕستە، جۆرەکانی کردار دەدرێتەوە.

### ۴-۲-۲- ئاستی ئەدەبی

لەم ئاستەدا سەرنج بەم لایەنانە دەدرێ: فرەپاتیی ئەو وشانەی لە واتای مەجازیدا بە کار هێنراون؛ زانستی ڕوونبێژی، وەک شوبهاندن، خوازە، هێما و درکە؛ جوانکاریی واتایی وەکوو پۆشین، پێکەوەگونجان ، تیلنیشان و بەگشتی

1 micro-context.
2 macro-context.

زمانــی ئەدەبــی و لادانــە هونەرییــەکان و داهێنــان لــە زمانــدا.

## ٤-٢-٣- ئاستی هزری

ئــەم ئاســتە باس لــەوە دەکات کە بەرهەمێــک دەرهەســتخوازانەیە یان بەرهەســتخوازانە، شــادیخوازانەیە یــان کەســەرخوازانە، هزرخوازانەیــە یــان ئەوینخوازانە و ســۆفیگەرانە؟ گەلــۆ بانگەشــە بــۆ چ ڕوانگــە و ڕێبازێــک دەکات؟ ئاخــۆ دانەرەکــەی نیشتمانپەروەرە یــان مەزهەبــی، گەشــبینە یــان ڕەشــبین؟ بۆچوونــی ســەبارەت بــە هەنــدێ پرســی وەک ئەویــن، ئاشــتی، ئــازادی، مــەرگ، ژیــان و هتــد چییــە؟ و هەنــدێ پرســی تــری لــەم چەشــنە.

شــیاوی ئاماژەیــە ئــەو بابەتانــەی لــە باســی تاوتوێکردنــی دەقێکــی ئەدەبیــدا خســتمانە ڕوو، تەنیــا وەکــوو نموونــەن و دیــارە بــە ســەرنجدان بــە دەق، قۆنــاغ و ژانــرە ئەدەبییــە جیاجیــاکان، شــێوەی شێوازناســییەکە جیــاواز دەبێــت. هەروەهــا پێویســتە ســەرنج بــەم خاڵــە گرنگــە بدرێــت کــە هەمــوو تایبەتمەندییــەکان بایەخــی شێوازناســانەیان نییــە. تایبەتمەندیــی ئەدەبــی، ئــەو تایبەتمەندییــە چەندپاتــە یــان نائاســاییانەی تایبــەت بــە دانەرێکــی دیاریکــراون، کــە یــان ســەرنجی خوێنــەری وردبیــن بــۆ لای خۆیــان ڕادەکێشــن، یــان لــە دووتوێــی دەقەکــەدا شــاراوەن و شــێوازناس بــە دوای دۆزینەوەیاندایــە (شەمیســا، ١٣٧٤: ١٥٨-١٥٩).

شەمیســا لــە بەرهەمێکــی تریــدا بــاس لــە چــوار ئاســتی جیاجیــای شــیعر دەکا و بەرهەمــی شــیعری بــە گوێــرەی ڕەهەندەکانــی کاریگەرێتــی، ئەدەبییــەت، زمــان و دەربڕیــن بەســەر چــوار ئاســتدا دابــەش دەکات کــە بریتیــن لــە:

١. ئەوانەی کە هەر چوار لایەنەکەی سەرەوەی تێدایە؛
٢. ئەوانەی کە کاریگەر و ئەدەبین بەڵام زمانەکەیان هونەری نییە؛
٣. ئەوانەی کە ئەدەبی نین بەڵام دەربڕینێکی هونەرییان هەیە؛
٤. ئەوانەی کە هەم نائەدەبین و هەم دەربڕینەکەشیان ناهونەرییە (١٣٧٥: ٣٧٤).

## ٥-١- ناساندن

شــێرکۆ بێکــەس، جیــاواز لــە بنەمــا شێوازناســانەکانی گوتــاری زاڵــی ئەدەبیــی ئــەو ســەردەمە و بــە دوور لــە بنەواشــە مەعریفییەکانــی دوو قوتابخانــەی کفری و هەولێــر، هەوڵــی دامەزراندنــی ڕەوتێکــی نوێــی لــە شــیعری کوردیــدا دا کــە بــە قوتابخانــەی

ڕوانگـه نـاسراوه. ڕوانگـه لـه کۆتایـی شەسـتەکاندا سـەرهەڵدەدا، بـەڵام بەیاننامەکـەی بـه شـێوەی فەرمـی لـه ۱۹۷۰/۴/۲۵دا بـه واژۆی شـێرکۆ بێکـەس، حسـێن عـارف، کاکـه مـەم بۆتانـی، جەمـاڵ شـارباژێری و جـەلال میـرزا کەریـم لـه ڕۆژنامـەی هاوکاریـدا بـڵاو دەکرێتـەوە. پاشـان هـەر لـەو ڕۆژنامەیـەدا بـۆ مـاوەی چـوار سـاڵ گۆشـەیەک بـه نـاوی «ڕوانگـه، یـاران و نەیارانـی» کرایـەوە کـه تێیـدا نووسـەران و ڕەخنەگـران دانوسـتانێکی ڕەخنەییـان لەسـەر پێویسـتی گۆڕانـکاری لـه ئەدەبـی کوردیـدا هێنایـه ئـاراوە. هەنـدێ لـەو نـاوه دیارانـەی بەشـدارییان لـەو نووسـینانەدا دەکـرد، بریتیبـوون لـه شـێرکۆبێکەس، حسـێن عـارف، سـەلاح شـوان و کاکـه مـەم بۆتانـی.

بزووتنـەوەی ئەدەبیـی ڕوانگـه، بـه بـەراورد لەگـەڵ بزاوتـه ئەدەبییەکانـی تـری ئـەو سـەردەمه یەکگرتووتـر و کاریگەرتـر دەرکـەوت. ئـەم بزاوتـه ڕەنگوڕوویەکـی تـەواو خودئـاگا و جیـاوازی هەبـوو. خودئـاگا لـەو ڕووەوە کـه تاقـه ڕەوتێـک بـوو لـه جڤینه جۆربەجۆرەکانـدا دەسـتی دایـه بڵاوکردنـەوەی بەیاننامەکانـی خـۆی، و جیـاواز لـەو ڕوانگـەوە کـه لـه لایەکـەوە دابڕانـی خـۆی لـه نەریتـه کۆنـه ئەدەبییەکانـی شـیعری کـوردی بـه ڕاشـکاوی پیشـان دەدا و لـه لایەکـی دیکـەوە خـۆی نـەک هـەر وەک درێژەپێـدەر، بەڵکـوو تەواوکـەری نەریتـی ئەدەبیـی گـۆران دەزانـی (سـەجادی، ۱۳۹۴). ئـەم ڕەوتـه بـه دوای ئـەوەوە بـوو سـەرنجی گشـتیی خەڵـک بـۆ واتـای سـەرەکیی شـیعر ڕابکێشـێ و خـۆی وەکـوو دژکاریـی قوتابخانـەی کفـری پێناسـه نەکـرد، بەڵکـوو درێـژەی بـه ڕەوتـی شـیعریی گـۆران دا. شـێرکۆ بێکـەس لـەم پێنـاوەدا کۆمەڵەشـیعرەکانی کاوەی ئاسـنگەر (۱۹۷۱)، مـن تینوێتیـم بـه گـڕ دەشـکێ (۱۹۷۴)، کازیـوه (۱۹۷۸) و هەروەهـا شـانۆنامەی هۆنـراوی ئاسـک (۱۹۷۸)ی لـه سـەر ڕێبـازی ڕوانگـه بـڵاو کـردەوە. کاریگەرییەکانـی قوتابخانـەی ڕوانگـه بەسـەر چالاکییـه ئەدەبـی و فەرهەنگییەکانـی ئـەو سـەردەمەوە هـەر زوو بەتەواوەتـی هەسـت پێدەکـرا و جـۆره گـوڕ و تینێکـی زۆری بەخشـییه جموجوولـه ڕۆشـنبیرییەکانی ئـەو سـەردەمە.

شـێرکۆ وەکـوو دیارتریـن دەنگـی قوتابخانـەی ڕوانگـه لـه لایـەن ڕەخنەگـران و لایەنگرانیـەوە بـه پاشـای وشـە، سـوڵتانی خەیـاڵ، ئیمپراتـۆری شـیعر و دەریـای مرواریی ناودێر کـراوە. شـێرکۆ بێکـەس خـاوەن زیاتـر لـه چـل بەرهەمـی ئەدەبییە. هەندێکیـان بریتیـن لـه: کـەژاوەی گریـان، دوو سروودی کێـوی، شـایی شـەهید،

تەمتومـــان، داڵ، دەربەنـــدی پەپوولـــە، یادداشـــتی ماکەوێکـــی ڕەشـــپۆش، مێرگـــی زام مێرگـــی هەتـــاو، بۆننامـــە، خـــاچ و مـــار و ڕۆژژمێـــری شـــاعیرێ، نســـێ، ژن و بـــاران، ڕەنگـــدان، پیـــاوێ لـــە دارســـێو، پاییـــزە میـــوان، گۆڕســـتانی چـــراکان، سروودە بەردینـــەکان، حەفتـــا پەنجـــەرەی گـــەڕۆک، ملوانکـــە، تـــۆ ئەتوانـــی بـــە قومـــێ مـــاچ بمخەیتـــەوە هەڵقولێـــن و ئێســـتا کچێـــک نیشـــتمانمە.

### ٢-٥- نموونەی شیعری

من تینوێتیم بەگڕ ئەشکێ
ئـــاوم... ئـــاوم / ئـــاوی تینـــووم... / ســـەرچاوەکەم لـــە دەمـــی شـــەوێکی ســـوێردا / هەڵئەقوڵـــێ / جێپێـــی شـــەپۆلی خنـــکاوی / خـــۆی هەڵئەگـــرێ.
ئـــاوی تینـــووم... / ڕووبـــاری ئاواتـــی مانـــدووی ڕووەو زەریـــا... / -ســـەرهەڵگرتووم- / بـــە ژێـــر پـــردی شـــەهیدی نۆســـاڵە و / ســـبەینێدا... تێئەپـــەڕم / ڕۆخـــی خوێناویـــی خـــۆم ئە سڕم.
ئـــاوی تینـــووم / هەتـــا ســـەر بـــەرەو خـــوار بـــڕۆم / تـــا دەموچـــاوی غەریبیـــم / لـــە ڕێگەی دوورتـــرا بشـــۆم / لـــە تینوێتیـــم ئەخورێتـــەوە و... خـــۆم هـــەر تینووم!
هەتـــا درێژتـــر ببمـــەوە... / هەتـــا بـــاوەش بـــۆ داهاتـــووم بگرمـــەوە، / بـــواری ترســـم... لـــە چـــاوی مەلەوانـــە پیرەکانـــا / قووڵتـــر ئەبـــێ... / هـــاژەی گـــەرووم... لـــە گوێـــی کەشـــتیەوانە / کوڕەکانـــا... بـــە گوڕتـــر و خوڕتـــر ئەبـــێ.
ئـــاوی تینـــووم. / جۆگەیەکـــم... لەکەنارمـــا خـــەم شـــین ئەبـــێ / ئـــازار ئـــەڕوێ و گـــوڵ دەرئـــەکا / چـــڵ تاجـــی گـــڕ لـــە ســـەر ئـــەکا / خوێـــن بولبولـــە و بـــۆی ئەخوێنـــێ.
ئـــاوی تینـــووم... / خـــەم خۆرکـــی خوێـــی زامەکانـــم... ئەمخواتـــەوە!. / پێســـتی قڵیشـــاوی دێمـــی / لەشـــی وەرزی ســـاڵەکانم... ئەمخواتـــەوە... / مـــن... فرمێســـکم... چاوەکانـــم ئەخواتـــەوە!.
مـــن... گریانـــم... پێکەنینـــم ئەخواتـــەوە!. / گۆمـــی بێدەنگیـــم... هـــاواری چەمەکانـــم ئەخواتـــەوە!. / پرســـەکانی حوزەیرانـــم، / جەژنەکانـــی مانگـــی مارتـــم ئەخواتـــەوە!
ئاوی تینووم... / من تینوێتیم ئەمخواتەوە / شپرزەییم... دڵنیاییم هەڵئەمژێ.
هەناســـەم... ســـییم هەڵئەمـــژێ. / برینەکانـــم... جێـــی ســـاغم ســـاڕێژ ئەکـــەن. / زیندانەکانـــم: ڕووناکـــی هەڵئەهێنجـــن
گوناهەکانـــم... نوێـــژ ئەکـــەن. / شـــەوەکانم ڕۆژوو ئەگـــرن!. / ئـــاوی تینـــووم [...]

(۲۰۰۲: ۲۷۷-۲۸٦)

**۵-۳- شیکاریی شێوازناسانە**

**۵-۳-۱- ئاستی زمانی**

ئەگەرچی لە سەرەتادا شێوازی زمانیی شیعری گۆران کاریگەریی لە سەر یەکەم بەرهەمەکانی شێرکۆ وەکوو بەرهەمە سەرەتاییەکانی قوتابخانەی ڕوانگەدا هەست پێدەکرێ، بەلام دواتر گۆڕانکاریی بەسەردا هات. لە ئاستی زمانیدا تەنانەت خودی شێرکۆش پێی وایە شیعرەکانی لە سەرەتادا لە ڕووی زمانییەوە هاوشێوەی شیعرەکانی گۆران و پیرەمێرد و هەردی بووە و پاش قوتابخانەی ڕوانگە بوو کە گۆڕانی بەسەردا هات (۱۳۸٦: ٤۷). بە واتایەکی تر، جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان شێوازی زمانیی دوابەرهەمەکانی گۆران و تریفەی هەڵبەستدا نییە، کە یەکەم دیوانە شیعری چاپکراوی شێرکۆ بێکەسە، بەڵام لە دیوانی مـن تینوێتیم بە گڕ دەشکێدا -کە پاش تاقیکردنەوەی چەندین ئەزموون و بڵاوکردنەوەی هەندێ دیوانی تر ئاراستەی کرد- شێوازی ڕاستەقینەی شێرکۆ دەردەکەوێ و قوتابخانەی ڕوانگە توانی مۆرکێکی سەربەخۆ بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

تایبەتمەندییەکی تری شیعری شێرکۆ لەم ڕووەوە بریتییە لە فرەپاتبوونی ئەو وشانەی هەڵگری واتای پاڵەکین؛ بە چەشنێ کە بێجگە لە مانای قامووسیی وشەکان، زیاتر لایەنی زەینی و باری فەرهەنگی وشەکان بەرجەستە کراونەتەوە. لە لایەکی ترەوە، پانتای بەرفراوانی جوگرافیای کوردستان بە هەموو ناوچە و زاراوەکانیەوە لە چەشنی وشەبژێری شیعری شێرکۆدا ڕەنگی داوەتەوە. هەر بۆیەش زیاتر لە هەر شاعیرێکی تر هەوڵی داوە کەڵک لە وشە و دەستەواژەی سەرجەم زاراوە و بنزاراوە کوردییەکان وەربگرێ. هەروەهاش، ژمارەی وشە کۆنباوەکان لە شیعری شێرکۆدا لەچاو شاعیرانی تر زۆرترە. بێجگە لەمانەش، بەکارهێنانی وشەی ڕەسەنی کەمپاتە بۆ بەردەنگی نوخبە و بژاردە لایەنێکی تری ئاستی زمانیی شیعری قوتابخانەی ڕوانگەیە و ئەم تایبەتمەندییەش بووەتە هۆی ئەوەی خوێنەری ئاسایی شیعری شێرکۆ ناچارە لە نێو فەرهەنگەکاندا بە دوای واتای وشەکاندا بگەڕێ.

**۵-۳-۲- ئاستی ئەدەبی**

دیوانە سەرەتاییەكانی شێركۆ كەمتر ئەدەبییەتیان تێدا بەدی دەكرێ و تەنانەت لە هەندێ شیعری ئەو قۆناغەشدا بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ هەندێ گوتەی دروشمئاسا دەردەخات و لە هەندێ شوێنی تردا تەنانەت لە پەند و ئامۆژگاریش نزیک دەبێتەوە كە لە شێوازی ڕۆمانتیكی ساكار نزیكیان دەكاتەوە. ئەم ڕەوتە لە دیوانی من تینوێتیم بە گڕ دەشكێدا گۆڕانی بە سەردا هات و شیعرەكانی پاش ئەم قۆناغە بایەخی زیاتریان دایە ئەدەبییەت و پێكهاتەی هونەری. لە بەشێكی زۆری شیعرەكانی شێركۆ بێكەسدا، گرنگایەتی و بایەخی خەیاڵ مۆركی بەرچاوی بەرهەمەكانی پێكئەهێنن. هەروەهاش، بە جوانیناسانەكردنی لایەنەكانی ژیانی ڕۆژانە و تەنانەت نواندنەوەی كێشە كۆمەڵایەتی و ئابوورییەكانیش بە شێوەیەكی ئەدەبی و شێوازێكی جوانیناسانە لە شیعری شێركۆدا بە باشترین شێوە ئەنجام دراوە. زۆربەی ڕەخنەگران پێیان وایە شیعرەكانی شێركۆ كە بۆ بۆنەیەكی تایبەت لە شاخدا نووسراون لە ڕووی ئەدەبییەوە ناگەنە ئاستی شیعرەكانی دواتری و تەنانەت پێشووشی. شێركۆ بۆخۆشی لەم بارەوە دەڵێت: «خۆم بە دەستی خۆم لە پێناوی چارەنووسە گەورەكەدا قوربانیم بە هەندێ لایەنی ئیستاتیكیی جوانكاری داوە و ساكارانە نا بەڵام سادەتر دامڕشتووە» (١٩٩٠: ١٢).

وەسفی ئەدەبیی ناوی كەسایەتییەكان و ڕووداوەكان و تەنانەت شوێنە جوگرافییەكانیش وەک ناوی شارەكان و ناوچەكان بە شێوەیەكی بەرچاو ڕەنگیان داوەتەوە. نواندنەوەی واقیع بە شێوەیەكی ئەدەبی، بە چەشنێ كە ئەگەر واقیعی دەرەكی كارەساتبار و ئاڵۆزە ئەم ڕووداوانە لە شیعری شێركۆدا بە شێوەیەكی ئەدەبی نوێندراونەتەوە و دەكارین بێژین واقیعی ناوەكی لەو شیعرانەدا جیایە لە واقیعی دەرەكی، ئەگەرچی لە سەریشی دامەزراوە. بۆ نموونە هەندێ لەو چەمكانەی پێوەندیان هەیە بە ڕووداوەكانی واقیعی دەرەكییەوە و لە شیعری شێركۆدا بە شێوەیەكی هونەریانە مامەڵەیان لەگەڵدا كراوە بریتین لە: نسكۆ، هەرەس، كۆچ و كۆڕەو، شكست و نائومێدی، كیمیابارانی هەڵەبجە، هەژاری و هەتیوی.

زۆربەی بەرهەمەكانی شێركۆ لە قۆناغی دواییدا لە ڕووی قاڵبەوە دەچنە خانەی شیعری درێژی گێڕانەوەییەوە، بە سەرنجدانی زۆر لەسەر پاراستنی مۆرک و تایبەتمەندییەكانی شیعری لیریک و گرنگیدان بە هەست و خەیاڵ. هەندێ

ڕەخنەگر ناوی شیعری چیرۆکئامێزیان لێ ناوە. بۆ نموونە باخان ئەحمەد حەمەئەمین لە نامەی ماستێرەکەیدا کە تاوتوێی شیعری گێڕانەوەیی لە بەرهەمی چەندین شاعیردا کردووە، شیعری شێرکۆ وەکوو بەرچاوترین نموونەی شیعری درێژی چیرۆکئاسا پێناسە کردووە (۲۰۱۴: ۷۵). شێرکۆ بێکەس بۆخۆشی پێی وایە جیاوازییەکی سروشتی لە نێوان چییەتیی شیعری کورت و درێژ لە ئارادایە. ئەو لە دیمانەیەکدا قامک دەخاتە سەر ئەو خاڵەی کە شیعری درێژ بە هیچ شێوەیەک ناکرێ بەسەر چەندین بەشی بچووک و سەربەخۆدا دابەش بکرێ. ئەو پێی وایە شیعری درێژ وەکوو ڕۆمانێک وایە کە سەرجەم پاژەکانی دەبێ لە پێناو دەستەبەرکردنی هاماوێکی یەکگرتوودا دەور بگێڕن (۱۳۸۶: ۴۵).
لە شیعری شێرکۆدا قاڵبەکانی دیکەی شیعر وەک پۆستەرەشیعر، ڕۆمانەشیعر، شیعری گێڕانەوەیی، قەسیدەی درێژ و هەروەها ژانرگەلێکی وەک شانۆنامەی شیعری دەبینرین کە هەندێکیان وەک پۆستەرەشیعر و ڕۆمانەشیعر بە داهێنانی تاکەکەسیی خۆی ئەژمار دەکرێن. لە دواقۆناغەکانی شیعریدا، شێرکۆ بە ئاشکرا و داهێنەرانە قاڵبێکی لێکدراو و کراوەی بە ناوی دەقی واڵا بەرهەم هێنا کە لە لایێکەوە وەکوو کۆیەک چەندین قاڵبی شیعری جیاوازی لەخۆ گرتووە و لە لایەکی تریشەوە هەوڵی داوە وەکوو دەقێکی کراوە ئاراستەی بکا کە تێیدا مانایەکی دیاریکراو چەقی نەبەستووە.
لایەنێکی دیکەی شیعری شێرکۆ گرنگیدانە بە دەوری هێماکان کە بەگشتی بەسەر دوو بەشی هێمای گشتی و هێمای تاکەکەسیدا دابەش دەبن. مەبەست لە هێمای گشتی ئەو ناو و وێنە و ڕووداوانەن بۆ هەمووان ئاشنان و هەمووان وەکوو هێمایەکی کۆمەڵایەتی لە قەڵەمی دەدەن، کەچی لە هەمبەردا، هەندێ هێمای تاکەکەسیش کە پێوەندییان بە ڕابردوو و ژیانی تایبەتی خودی شاعیرەوە هەیە لە بەرهەمەکانیدا دەرکەوتوون. شێرکۆ هێندە وەستایانە مامەڵەی لەگەڵ هێما تاکەکەسییەکاندا کردووە کە توانیویەتی تا ڕادەیەکی زۆر لە گشتیکردنەوەی هێما تاکەکەسییەکاندا سەرکەوتوو بێ. نموونەی ئەو جۆرە هێمایانە بریتین لە بێوەژن کە دایکیەتی، پێشمەرگە کە هەڤاڵی نزیکی خۆیەتی، یان ڕەنج و ئازار و ئەزموونە تاکەکەسییەکانی خۆی وەک هەژاری، هەتیوی، نەداری، تەنیایی، دووری، کۆچ و مەنفا.

**۵-۳-۳- ئاستی هزری**

لە ڕووی هزری و واتاییەوە سەرجەم شیعری شێرکۆ بێکەس هەڵگری کۆمەڵە هەڵوێستێکی بەرچاوە سەبارەت بە ڕووداوە گرنگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمی ژیانی رۆشنبیرانە و شۆڕشگێڕانەی خۆی. بە واتایەکی تر، کەم ڕووداوی سیاسی و کۆمەڵایەتیی مێژووی رۆشنبیری و سیاسی هاوچەرخ هەیە لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا ڕەنگی نەدابێتەوە. هەر ئەم گوتەیە سەبارەت بە دەرکەوتنی کەسایەتییە گەورەکان لە شیعرەکانیدا ڕاستە؛ واتە شیعری شێرکۆ لێوانلێوە لە ناوی شاعیران و مێژوونووسان و سیاسەتوانان و شۆڕشوانانی گەورەی کورد هەر لە دێرزەمانەوە تا ئێستا. لە پاڵ ئەمانەشدا، مرۆڤ دەکارێ ڕووبەڕووی نواندنەوەی جوگرافیای فەرهەنگیی کوردستان ببێ لە شیعری شێرکۆدا؛ واتە کەم شار و ناوچەی گرنگی کوردستان هەیە شێرکۆ بێکەس ئاماژەی بۆ نەکردبن. شێرکۆ گرنگییەکی زۆر دەدا بەو کەسایەتی و ڕووداوانەی لە لایەن دەسەڵاتی زاڵەوە خرابوونە پەراوێزەوە. دەرکەوتنی ڕووداو و کەسایەتییە مێژوویییەکان لە شیعریدا و بەخشینی لایەنێکی زەینی بەو ڕووداوە مێژوویانە و ناوەکیکردنەوەی ئەو ڕووداوانە بە چەشنێ کە ئەو ڕووداوانە بەشێکن لە شیعرەکە و شیعرەکەش بەشێکە لەو ڕووداوانە. هەر بۆیەش دەرکەوتنی هاوکێشەی نێوان خود و مێژوو.

هۆنراوەکانی ئەم شاعیرە مەزنە سەبارەت بە کارەسات بە شێوەیەکی قووڵی داهێنەرانە و شاعیرانە داڕێژراون. شێرکۆ هەرگیز سەبارەت بەو کارەساتانەی بە سەر کورددا هاتوون، بە چاوێکی سادەبینانە و ڕووکەشیانە و سەرپێیی نەیڕوانیوە. کاریگەریی هەرەسهێنانی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٧٥دا لەسەر شیعری شێرکۆ بە چەشنێ کە پێش ئەو ڕووداوە واتای گەشبینی و ئاوات و هیوا و هەڵچوون لە شیعرەکانیدا زیاتر دەردەکەوێ، کەچی پاش ئەو قۆناغە بەخۆداشکاوی تاکەکەسی و یان کۆیی و جەماوەری لە شیعریدا ڕەنگ دەداتەوە. دووبارەبوونەوەی وێنەی کۆچ چ لە پاش هەرەسی ساڵی ١٩٧٥ و لە قۆناغەکانی تردا وەکوو کۆچی هەشتاکان و کۆڕەو و کۆچی پاش راپەڕین. ئەگەرچی هەر چوار شەپۆلی گەورەی کۆچ لە کۆی بەرهەمەکانی شێرکۆ بێکەسدا ڕەنگیان داوەتەوە، بەڵام کۆچی یەکەم، واتە ئاوارەبوون و پەرتەوازەبوونی کوردانی باشوور پاش ١٩٧٥، وەکوو یەکێک لە مۆرکەکانی ئاستی هزری لە شیعری قۆناغی کۆتایی ڕەوتی ڕوانگەدا ئەژمار دەکرێ.

لە کاتێکدا ژمارەیەکی کەمی ڕەخنەگران پێیان وایە شیعری شێرکۆ بێکەس «بە هەمان تێڕوانینی واقیعی ناو هزری کۆمەڵگاوە» دەنووسرێت و ڕەنگدانەوەی ئایدیۆلۆجیی زاڵی کۆمەڵگای هاوسەردەمی خۆیەتی (محەمەد، ۱۹۹۴: ۷۵)، زۆربەی توێژەران لەسەر ئەو بۆچوونە پێ دادەگرن کە شیعری شێرکۆ هەڵاتن بوو لە ئایدیۆلۆجیی باوی سەردەم و ڕەخنە بوو لە «دنیای داخراوی ئایدیۆلۆجی». بۆ نموونە ئاسۆ جەبار پێی وایە «شێرکۆ بێکەس بەردەوام لە هەوڵی خۆدەربازکردن و شەڕی هەمەڕەنگدایە لەتەک ئایدیۆلۆجی و دنیای داخراوی سیاسەت و کولتووری مەرگ و ماڵوێرانی کۆمەڵگای کوردی» (جەبار، ۲۰۰۲: ۸۵). شیرکۆ بێکەس بۆخۆی بە ئاشکرا باسی پێوەندیی نێوان ئەدەبیات و سیاسەتی کردووە و لەم بارەوە دەڵێت: «ئەگەر سیاسەت زمانی زانست بێ ئەوە ئەدەب زمانی هەست و نەستە و پێوەندیی ئەدەب و سیاسەتیش پێوەندییەکی دینامیکی و لەیەکدانەبڕاوە، وەکوو پێوەندیی دڵ و مێشک وایە» (۱۹۸۵: ۱۱۳). هەروەهاش، بەختیار عەلی پێی وایە لە نێو ڕوانگەییەکاندا شێرکۆ لە هەموویان زیاتر سەبارەت بە گۆڕانکارییەکان رادیکاڵتر بوو (۱۹۹۹: ۲۲) و توانیویەتی بەڕەنگاریی یۆتۆپیای ئایینی و مارکسی و سەرمایەداری ببێتەوە (۳۸-۴۳). شیرکۆ لە بەخشینی ڕواڵەتێکی نەتەوەیی بە گوتاری سیاسی و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا سەرکەوتوو بووە، بەڵام لایەنی جوانیناسانەی بەرهەمە شیعرییەکانی قوربانیی بابەتی سیاسی نەکردووە و ژمارەی شیعری ئایدیۆلۆجیکی کەمترە.

یەکێکی تر لە مۆرکە بەرچاوەکانی شیعری شێرکۆ بەتایبەت لە قۆناغی یەکەمی گەشەی قوتابخانەی ڕوانگەدا بریتییە لە گرتنەبەری ڕوانگەیەکی ڕەخنەگرانە بۆ نەک هەر پرسە ئەدەبییەکان بەڵکوو تەنانەت بۆ بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانیش؛ بە چەشنێ کە گرتنی هەڵوێستی ڕەخنەگرانە بووەتە یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی شیعری شێرکۆ لە ڕووی هزرییەوە. هەر بە هەمان شێوەش، شیعری شێرکۆ توانیویەتی دژی بنەما سەقامگرتووەکانی پێکهاتەی سونەتیی کۆمەڵگای کوردی لەو سەردەمەدا رابوەستێ و هەوڵی دەدا لە عەقڵییەتی خێڵەکی و حزبی دووریان بخاتەوە و لە عەقڵیەتی مۆدێرنی کۆمەڵگای هاوچەرخ نزیکیان بکاتەوە (ڕەئووف، ۲۰۱۱: ۳۳).

گرنگترین بنواتاکانی شیعری شێرکۆ بێکەس بریتین لە جوانی، ئاوارەیی، تاراوگە و دوورکەوتنەوە، کارەسات، هەرەس، کۆچ، ژن، سروشت و ئازادی.

داهێنانــی ئەدەبــی لــە بەرهەمەکانــی ئــەم شــاعیرە لــە هەشتاکانیشــدا بــە شــێوەیەکی بــەردەوام و بــە گوێــرەی بنەواشــەکانی قوتابخانــەی ڕوانگــە درێــژەی هەبــوو، بــەڵام ئــەم جــارە بنواتاگەلــی نــوێ جێــی بنواتــا کۆنەکانیــان گرتــەوە کــە بریتیبــوون لــە ئازادیخــوازی و نواندنــەوەی سروشــت.

## ٦- قوتابخانەی کفری

### ٦-١- ناساندن

لــە ناوچەکانــی کفــری و دەوروبەریــدا، هەنــدێ شــاعیری نوێخــواز هەوڵیــان دا بــە شــێوە دەربڕینێکــی جیــاواز پرســە کۆمەڵایەتییەکانــی تایبــەت بــە جڤاکــی کــوردی لــە شــیعردا ئاراســتە بکــەن. لەتیــف هەڵمــەت ناسراوتریــن شــاعیری قوتابخانــەی کفرییــە. هەڵمــەت بــە بڵاوکردنــەوەی هەنــدێ بەرهەمــی وەک خــوا و شــارە بچکۆلەکەمــان (١٩٧٠) و ئامادەبــوون بــۆ لەدایکبوونێکــی تــر (١٩٧٣) هــاوڕێ لەگــەڵ شــاعیرانی تــری قوتابخانــەی کفــری بوونــە مزگێنیــدەری بزاڤێکــی ئەدەبیــی بەربــڵاو لــە ئەدەبــی کوردیــدا. فەرهــاد شــاکەلی (کــە پێشــتر نــاوی ئەنــوەر شــاکەلی بــووە)، ئەحمــەد شــاکەلی، کەنعــان مەدحــەت، لەتیــف حامیــد و هیشــام بەرزنجــی لــە ئەندامانــی تــری قوتابخانــەی کفریــن. فەرهــاد شــاکەلی لــە ســاڵی ١٩٦٧دا چەنــد شــیعری لــە ڕۆژنامــەی دەنگوبــاس و کاری میللیــدا بــڵاو کــردەوە. شــاکەلی دوایــی لــە کتێبــی پــرۆژەی کوودەتایەکــی نهێنیــدا نووســی: «لــە ســاڵی ١٩٧٠دا ڕەنگــوڕووی ئــەو گرووپــەی کــە دواتــر بــە گرووپــی کفــری نــاسرا وردەوردە وەک گەڵاڵەیــەک دەرکــەوت» (٢٠٠٠: ٨٧).

هەڵمــەت لــە وتووێژێــک لەگــەڵ هەڵــۆ بەرزنجیــدا دەڵــێ: «ئێمــە لــە گرووپــی کفــری هــەروا ڕەمەکــی کارمــان نەدەکــرد، بێگومــان بــە بەرنامەیەکــی تێروتەســەل و بــە یاخیبوونێکــی پڕئاگادارییــەوە کارمــان دەکــرد، بــۆ ئــەو مەبەســتەش ســوودی گەورەمــان لــە شــاعیرانی نوێخــوازی عــەرەب و جیهــان وەرگرتبــوو» (٢٠٠٥: ٦٧). قوتابخانــەی کفــری ئەگەرچــی بەیاننامەیەکــی دیاریکــراوی لــە ســاتەوەختێکی دیاریکــراودا بــڵاو نەکــردەوە، بــەڵام هەنــدێ لــە ڕەخنەگــران و تەنانــەت خــودی لەتیــف هەڵمەتیــش چەنــد شــیعرێکی ئــەو ســەردەمەی لەتیــف هەڵمــەت (١٩٧٠-١٩٦٩) بــە جــۆرە بەیاننامەیەکــی ئــەو قوتابخانەیــە لــە قەڵــەم دەدەن. ئەگەرچــی یەکــەم گەراکانــی بیچمگرتنــی ئــەم قوتابخانەیــە دەگەڕێتــەوە بــۆ هاوڕێیەتــی نێــوان چەنــد

خوێندکارێـک لـە خوێندنـگای ناوەندیـی کفـری لـە سـاڵی ١٩٦٥.
لەتیـف هەڵمـەت یەکیکـە لـە دەنگـە دیارەکانـی قوتابخانـەی شـیعریی کفـری. ئـەو لـە شـیعر و ئەدەبـی منداڵانیشـدا چـالاک بـووە و بـەم بۆنەشـەوە چەندیـن خەڵاتـی وەرگرتـووە. هەنـدێ لـە بەرهەمەکانـی لـە ئەدەبـی منداڵانـدا بریتیـن لـە: جوانتریـن دێ، دەنگخۆشـترین مـەل، هێلانەیەکـی تـر، منـاڵ و چۆلەکـە و گوێدرێـژ و پاشـا. بەرهەمەکانـی تـری لـە شـیعر و پەخشـاندا بریتیـن لـە: پرچـی ئـەو کچـە ڕەشـماڵی گەرمیـان و کوێسـتانمە، ئـەو نامانـەی کـە دایکـم نایانخوێنێتـەوە، وشـەی جـوان گوڵـە گـوڵ، سروودی هـەژاران، بەشـەکانی دۆزەخ، گورگەکانـی لەتیـف هەڵمـەت، مێینـە هـەر لـە سـەرەتاوە بـوو، ئـەم ڕووبـارە وشـک نـاکات، ئـەم ژوورە هیچـی تیـا نییـە، تەبایـی و ململانێـی نێـوان هاووڵاتیـە ئەلەکتەرۆنییەکانـی کۆمـاری لەتیـف هەڵمـەت، ددانـی پاشـەڕۆژ وەک ددانـی جەنـگ سـپییە و دیوانـی لەتیـف هەڵمـەت لـە سـێ بەرگـدا.

### ٦-٢- نموونەی شیعری

سێبەری چاوە ژەنگاوییەکان
شـەو لـە چنگـی هەنگاوەکانمـا ئەچەمێتـەوە / بـە سـەر لقـی ئارەزووەکانمـا / لـە لـەرەی تاریکایـی هێلانـەی / هێلکـە ون بـووەکان دروسـت ئـەکات / لـە گلێنـەی ڕێـگا لێژەکانـا / چـاوی منالـەکان چاوەڕێیـان ئەکـردم /ەرگای شـەو کرایـەوە / بـۆ سـەر ئاگردانەکـە
بـۆ ئـەوەی پشـکۆکانی باوەشـێن کات / تەمـی سـتەم قووڵایـی تەمەنـی ئـەو زامانـەن / کـە پەنجەیـان نوقمـی خوێـی کەفـی یـادگارە
بـا لەسـەر سـنگما ئەگـری / لـە شـەختەی ئـەم سـاڵا شـتێکم دۆزیـەوە / نهێنیـەك لـە زگـی دەریاکاندایـە / گۆڕانـی ئـەم بەندکراوانـە گەلـێ بەجۆشـە / هەمـو ڕێـگاکان ئەگەڕێـم / هەمـوو سـووچێك ئەپشـکنم / بـۆ ئـەوەی ئـەو فرمێسـکانە بدۆزمـەوە کـە دوێنـێ ونـم کـردن / وتیـان داسـی تەمـەن / سـێبەری ئاسـمان درەو ئـەکات / بـەڵام مـن ئەڵێـم / ڕەنگـی شـەو گۆرانییـەك ئەڵـێ
وشـەکانی لـە ڕەگـی خـەم و شـیلەی هەتـاو / دروسـت کـراوە / گیانـە مەپرسـە چـۆن شـەو توانـی هەڵگژێتـە کۆڵـی دیوارەکانا
چـۆن نائومێـدی ئەبێتـە کۆتـی ئـەو دەسـتانەی / کـە لـە سـەر لێـواری ژەنگنـی /

ســاڵگارە مەییوەکانــا
لەرتــی ســامناکی تاریکیــان ئەخووســان / مەپرســە نــاوم چییــە / مەپرســە بــۆ کــوێ ئــەڕۆم / مەپرســە چــی دروســت ئەکــەم
لاپەڕەکانــم ژیانمــە پێنووســەکانم هاوڕێمــە / ئاســمانی شــارەکەم چاوەڕێــی هەتــاوە (٢٠١٤: ٤٣-٤٤).

## ٦-٣- شیکاریی شێوازناسانە

### ٦-٣-١- ئاستی زمانی

لــە دەســتپێکی ڕەوتــی بەرهەمهێنانــی شــیعریدا زمانــی هەڵمــەت هەوڵــی دابــڕان دەدا لەگــەڵ زمانــی بــاوی شــیعریی ئــەو ســەردەمە کــە لێــرەدا مەبەســت زیاتــر زمانــی شــیعریی گــۆران-ە. گــۆران لــەو ســەردەمەدا، واتــە لــە شەســتەکاندا، دەنگــی زاڵــی شــیعری نــوێ بــوو و شــێوازی زمانیــی بەرهەمەکانــی باڵیــان بەســەر زۆربــەی هەوڵــە شــیعرییەکانی ئــەو کاتــەدا کێشــابوو. شــیعری لەتیــف هەڵمــەت، بەتایبــەت لــە ڕووی زمانــەوە، واتــە لــە چەشــنی هەڵبژاردنــی وشــە و دەســتەواژەدا، وەکــوو یەکــەم هەوڵــی جیــدی دادەنــرێ بــۆ خۆدەربازکــردن لــەو زمانــە زاڵــە شــیعرییە. هەڵمــەت لــە یەکــەم بەرهەمەکانیــدا زمانێکــی نــوێ بــە کار دەهێنێــت. ئــەو لــە ســەرەتادا لــە ژێــر کاریگەریــی دادائیــزم و ســورڕیالیزمدا بــوو و گرنگیــی زۆری بــە نواندنــەوەی هەســت و سەرکەشــی و هەڵچــوون دەدا. ئــەم تایبەتمەندییــە زمانیانــە بەتەواوەتــی لــە خــوا و شــارە بچکۆلەکەمانــدا هەســت پێدەکــرێ کــە یەکــەم دیوانــی بڵاوکــراوەی شــاعیرە. لــە قۆناغەکانــی دواییــدا ئــەم ڕەوتــە ڕوو لــە داکشــان دەکا و زمانــی شــیعرەکانی زۆر ســادە و ڕەوان و و خۆماڵیانــە و تەنانــەت جەماوەریانــەش دەبێتــەوە، بــە جــۆرێ کــە لووتکــەی شــیعری هەڵمــەت لــە بــاری زمانییــەوە هەمــان دیوانــی یەکەمــە. ئــەو لــە بەرهەمەکانــی دواییــدا نەیتوانــی ئــەو ئاســتە بــەرزەی بەرهەمەکانــی لــە ڕووی زمانــەوە تێپەڕێنــێ. شــیعری لەتیــف هەڵمــەت لــە ڕووی وشــەبژێرییەوە کەڵک لە وشــەی دژوار و نامــۆ یــان تەنانــەت وشــەی زاراوەکانــی تــر وەرناگــرێ، بــەڵام دەرکەوتنــی هێــما تاکەکەســییەکان لــە زمانــی شــیعری ئــەودا دەبینــرێ. لــە لایەکــی تریشــەوە، بــە هــۆی نواندنــەوەی دیالۆگــی کەســایەتییەکانەوە شــێوازی جەماوەریانــەی کەڵکوەرگرتــن لــە زمــان لــە شــیعرەکانی قۆناغــی دواییــدا بــە کار هێنــراوە.

### ۶-۳-۲- ئاستی ئەدەبی

ئەگەرچی ئاستی ئەدەبیی شێوازی شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت لە قۆناغی یەکەمدا، واتە لە کۆتایی شەستەکانەوە تا کۆتایی حەفتاکان، بەرز و بەرچاوە، بەڵام لە قۆناغی دواییدا زیاتر گرنگی دەداتە ناوەرۆک تاکوو فۆرم. عەبدوڵا پەشێو لە نامەیەکیدا بۆ لەتیف هەڵمەت نووسیویەتی شیعری ئەو لەو قۆناغەدا «پڕە لە ریشەی داربەڕوو»، بەڵام داواشی لێ دەکات «زۆرتر خەریکی فۆرمی هونەری بێ» (کەسنەزانی، ۲۰۱۴: ۳۷۳). هەروەها، سەید عەلی ساڵەحی، شاعیری بەناوبانگی ئێرانی، شیعری لەتیف هەڵمەت بە «تۆفانئاسا و بەهێز» وەسف دەکات (۳۰۵). شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت لە سەرەتاوە لە ڕووی فۆرم و ڕوخسارەوە زۆر نوێخوازانە و تازە بوون، بەڵام لە قۆناغەکانی دواییدا لەم بارەوە ڕووی لە داکشان کرد، بە چەشنێ کە جیاوازییەکی زۆر لە نێوان یەکەم شیعرەکانی هەڵمەت و گۆران لە ئارادایە.

لایەنی زەینی لە شیعری هەڵمەتدا بەها و بایەخی زۆری پێ دراوە. ئەو لە جێناوی یەکەم کەسی تاک کەڵک وەردەگرێ و لە زۆربەی هەرەزۆری کاتەکاندا ئەو جێناوە هەر خودی شاعیرە، واتە لە شیعری هەڵمەتدا پێرسۆنای شیعری و خودی شاعیر یەکدەگرنەوە. لە لایەکی ترەوە، ئامادەبوونی سروشت لە شیعرەکانیدا وەکوو بوونەوەرێکی زیندوو و بەهێز وە بەرچاو دەکەوێ و ڕووبەڕووی کەسایەتیبەخشین بە دیاردە و ماکە سروشتییەکان دەبینەوە، بە چەشنێ کە هەرهەموو بەشە جیاجیاکانی سروشت وەکوو مرۆڤ دەردەکەون. لای هەڵمەت ئەم کەسایەتیبەخشینە بە سروشت ڕەهەندێکی رۆحانی و مەعنەوی دەگرێتەوە.

مۆسیقای ناوەوە لە یەکەم ئەزموونەکانی شیعری هەڵمەتدا لە ڕێگەی تەکنیکە ئەدەبییە پێوەندیدارەکانەوە وەک هاونشینیی دەنگەکان، هاوشێوەیی و خوازە بایەخی پێدراوە. هەروەهاش، گرنگایەتیی وێنەی خەیاڵکردی هونەری لە شیعری هەڵمەتدا سەرنجڕاکێشە. نێواندەقێتی لە شیعری هەڵمەتدا بە شێوەیەک دەرکەوتووە کە تەنانەت وەکوو لایەنی زاڵی ئەو شیعرانەش سەیر دەکرێ.

### ۶-۳-۳- ئاستی هزری

لەتیف هەڵمەت بە دەنگێکی جیاواز و داهێنەری شیعری هاوچەرخی کوردی

دادەنرێ. بە سەرنجدان بەوەی خاوەن پاشخانێکی مەعریفەناسانە و هزریی سەرنجڕاکێشە و ڕەنگدانەوەی ئەفسانە و حەکایەتە فۆلکلۆریکەکان لە شیعری ئەودا وە بەرچاو دەکەوێ. هەمیشە بیرۆکە تازەکان و لێکدانەوەی نوێی لە شیعرەکانیدا ئاراستە کردووە. لە لایەکی ترەوە، هەندێ جاریش زیرەکانە هەوڵی گۆڕینی کۆتایی هەندێ شاکاری ئەدەبی و هۆنینەوەیانی داوە؛ لەوانە دەتوانین ئاماژە بۆ رۆمانی پیرەمێرد و زەریا نووسینی ئێرنێست هێمینگوەی بکەین کە پیرەمێردی چیرۆکەکەی هەڵمەت لە کۆتاییدا لە جیاتی ڕاوی ماسی، عاشقی کچی پادشای پەریان دەبێت.

لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا لایەنی دەروونی و ناخی پێرسۆنا زیاتر دەرکەوتووە، هەر بۆیەش لەبری بایەخدان بە واقیعی دەرەکی هەوڵی داوە واقیعی ناوەکیی زەینییەتی پێرسۆنا بنوێنێتەوە. لەتیف هەڵمەت لە شیعرەکانیدا کەڵکەڵە زەینییەکانی خۆی بە شێوەیەکی تا رادەیەک دابڕاو لە واقیع دەردەخات. لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا ململانێی ناوەکی، واتە شەڕی خود لەگەڵ خود، جێگای ململانێی دەرەکی، واتە شەڕی خود لەگەڵ بابەتی کۆمەڵایەتی، دەگرێتەوە. لە ڕووی واتایی و هزرییەوە شیعری هەڵمەت توانیویەتی پەنجە بخاتەسەر هەندێ لایەنی دەروونی کە لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا زۆر بە دەگمەن ڕەنگیان داوەتەوە. بۆ نموونە ڕەشبینی، خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، کەمایەسی، ململانێی ناوەکیی خود، هەستکردن بە شەرم، لەخۆنامۆیی و نەرگسییەت یان خۆشەیدایی ئەو خەسڵەتە دەروونیانەی پێرسۆنای شیعری لەتیف هەڵمەت پێکدەهێنن کە کەمتر شاعیرێکی کوردی ئەو سەردەمە هەوڵی نواندنەوەیانی داوە. هەر بۆیەش، باشترین مێتۆد بۆ خوێندنەوەی وردی بەرهەمەکانی بریتییە لە بۆچوونە دەروونشیکارانەکان بە مەبەستی شرۆڤەی زیاتری خود و تایبەتمەندی و کێشەکانی.

هەندێ لە تایبەتمەندییە شێوازناسانە و واتاییەکانی ئەم قوتابخانەیە بریتین لە زەقکردنەوەی جیاوازی و بەرامبەرێتیی نێوان تاکەکەس و کۆمەڵگا، گەڕانەوە بۆ پێشینە فەرهەنگییەکان و واتا ئایینییەکانی کۆمەڵگای کوردان، خۆ دوورخستنەوە لە ئاڕاستەکردنی پەیام و واتا رادیکاڵ و سۆزاوییەکان، گرنگیدان بە گیانی هەڵکردن و پێکەوە ژیان، نواندنەوەی چەمک و ڕوانینی سۆفیگەرانە، گرنگایەتیی منداڵ و منداڵێتی، بیری مرۆڤخوازانە و دابینکردنی ڕوانگەیەکی جیهانی بۆ مرۆڤ.

لە ڕووی کاریگەریی کۆمەڵایەتی و گرنگیدان بە بنواتا و ڕوانینە شۆڕشگێڕانەکانیشەوە، شیعری لەتیف هەڵمەت دەوری بەرچاوی هەبووە و ئەم لایەنەی شێعری هەڵمەت لە لایەن بەشێک لە ڕەخنەگرانەوە وە پشتگوێ خراوە. بۆ نموونە، دوکتۆر ئەرسەلان بایز لە کتێبی ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزووتنەوەی شیعری کوردیدا دەڵێ شیعرەکانی لەتیف هەڵمەت و شێرکۆ بێکەس بەردەوام لە لایەن پێشمەرگەوە لە شاخ دەخوێندرانەوە و بەردەنگیان هان دەدا بۆ بەشداریکردن لە شۆڕش (۲۰۰۱: ٦۳). بایز سەبارەت بە یەکەم نموونەکانی شیعری بەرەنگاری دوای هەرەسهێنانی شۆڕش لەساڵی ۱۹۷۵دا پێی وایە لە ڕووی مێژووییەوە یەکەم شیعری بەرەنگاری دوای هەرەس لە لایەن لەتیف هەڵمەتەوە بڵاو کرایەوە (۷۰). هەڵمەت بۆخۆشی لەسەر ئەم رایە پێداگرە (٦٤).

### ۷- ئەنجام

گەرچی دوو قوتابخانەی ڕوانگە و کفری لە ڕووی شێوازناسییەوە لە یەکتر جیاوازن و هەرکامیان خاوەنی مۆرکی زمانی و ئەدەبی و هزریی تایبەت بە خۆیانن، بەلام پێویستە ئەوەش بگوترێ کە بەرهەمی شاعیرانی سەر بە هەرکام لەو قوتابخانەگەلە دیسانەوە لە ڕووی شێوازناسییەوە جیاوازییان پێکەوە هەیە. بێجگە لەمەش دەکرێ سەرجەم بەرهەمە شیعرییەکانی شاعیرێکی دیاریکراو لە ڕووی شێوازناسییەوە بەسەر چەندین لقدا دابەش بکرێ و ئەمەش دەتوانێ پیشاندەری قۆناغە لێکجیاوازەکانی کۆی ئەزموونی شیعریی ئەو شاعیرە بێ کە گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە؛ لێرەدایە کە شێوازی قۆناغ و قوتابخانە لە شێوازی تاکەکەس جیا دەکرێتەوە (شەمیسا، ۱۳۷۵: ۳۵٦).

لە ڕێگەی بەراوردکردنی تایبەتمەندییە شێوازناسانەکانی شیعری ئەم دوو شاعیرە لە هەر سێ ئاستی زمانی و ئەدەبی و هزریدا دەتوانین بەو دەرەنجامە بگەین کە شیعری شێرکۆ بێکەس زیاتر بووەتە هۆی وروژاندنی هەستی خوێنەری ئاسایی و نوخبە و لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە مەودایەکی بەرفراوانتری بڕیوە. ئەم هۆکارانە بوونەتە هۆی بەئەنجامگەیشتنی چەندین توێژینەوە لەسەر شیعری شێرکۆ کە ژمارەیان لە لێکۆڵینەوەی شیعری شاعیرانی تر زیاترە. بەڵام لایەنی تەواو زەینی، ئاراستەی دەروونی و مۆرکی ناوەکیخوازانە، مامەڵەی تاکەکەسیانە و ڕەهەندی سۆفیانەی شیعری لەتیف هەڵمەت بوونەتە هۆی ئەوەی کەمتر

سەرنجی خوێنەران بە لای خۆیدا رابکێشێ. هەر بۆیەش ژمارەی توێژینەوە پسپۆڕانەکان لەسەر شیعری لەتیف هەڵمەت کەمترە لەوانەی لەسەر شیعری شێرکۆ بێکەس ئەنجام دراوە.

ڕەوتی پەرەسەندن لە ڕووی زمان و شێوازی ئەدەبییەوە لە دوو قوتابخانەی کفری و ڕوانگەدا پێچەوانەی یەکترن، بە چەشنێ کە لە ڕوانگەدا دەستپێکی ڕەوتەکە جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ شێوازی شیعری گۆراندا نەبوو و پاش چەند ساڵ شێوازە رەسەنە ئەدەبییەکەی ڕوانگە دەرکەوت. شێرکۆ بێکەس بە کەڵکوەرگرتن لە خەیاڵی داهێنەرانە و پێچەڵپێچ بەڵام ڕێکوپێک، لە چوارچێوەیەکی سیستماتیک و ئۆرگانیکدا و بە بەکارهێنانی بازنەیەکی بەربڵاوی وشە، شیعرگەلێکی بەرز و نەمری پێشکەش بە خەڵکی جیهان کرد. جیاوازییەکی گرنگی دیکەی شیعری شێرکۆ لەچاو بەرهەمی هاوچەرخەکانی گۆڕینی بەردەوامی فۆرم و قاڵب و وێنەی شیعری. لە لایەکی ترەوە، قوتابخانەی کفری بە پێچەوانەوە سەرەتا بە شێوەیەکی زۆر جیاواز لە شێوازی شیعری گۆران و بە شێوەی بەرچاو و بەهێز دەرکەوت، کەچی لە درێژەدا ئەو ڕەوتە لە ڕووی گرنگیدان بە فۆرم و شێوازەوە ڕووی لە داکشان کرد و زیاتر لایەنی هێماخوازانە و دەروونییەکەی بەرجەستە بووەوە.

لە ڕووی ڕۆشنبیریشەوە، ئەگەرچی لە سەرەتادا لەتیف هەڵمەت بەهێز دەرکەوت، بەڵام لە قۆناغەکانی تردا ئەمە شیعری شێرکۆ بێکەس بوو کە توانی بەردەنگێکی بەرفراوان بۆ خۆی دەستەبەر بکات. لە ڕووی گرنگیدان بە تاکایەتییەوە و دەرخستنی کەڵکەڵەکانی خودی شاعیر شیعری هەڵمەت لەچاو شیعری شێرکۆ سەرکەوتووترە. ڕەخنەی توند و رادیکاڵ لە شیعری شێرکۆدا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و ئەدەبی دەردەکەوێ. شێرکۆ بێکەس توانیویەتی بەرەنگاریی یۆتۆپیا ئایینی و مارکسی و سەرمایەداری ببێتەوە، کەچی لە شیعری هەڵمەتدا بە هۆی زاڵبوونی لایەنی خودی و تاکێتییەوە کەمتر بەرجەستە بۆتەوە و ئەمە شرۆڤەی کەڵکەڵە دەروونییەکانی خودی شیعرییە کە لە بەرهەمی لەتیف هەڵمەتدا گرنگیی دراوەتێ.

## سەرچاوەکان

### الف) کوردی

١. ئەحمەد حەمەئەمین، باخان (٢٠١٤). شیعری چیرۆکئامێز لە دیالێکتی کرمانجیی خوارووودا ١٩٩٠-٢٠٠٠. نامەی ماستێری بەشی زمانی کوردی، زانکۆی سلێمانی.
٢. بایز ئیسماعیل. ئەرسەلان (٢٠٠١). ڕاگەیاندنی شۆڕش و بزووتنەوەی شیعری کوردی. سلێمانی: وەزارەتی رۆشنبیری.
٣. بەرزنجی، هەڵۆ (٢٠٠٥). پرسیارەکان هێشتا تینووی وەرامن، بەرگی یەکەم. سلێمانی: چاپخانەی چوارچرا.
٤. بێستوون (١٩٨٥). ڕووبەڕوو لە سێبەری چیادا: هەڤپەیڤین لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا. چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ لە شاخ.
٥. بێکەس. شیرکۆ (١٩٩٠). دیوانی شێرکۆ بێکەس: بەرگی یەکەم. ستۆکهۆڵم.
٦. ------------ (٢٠٠٢) دیوانی شێرکۆ بێکەس: بەرگی یەکەم. سلێمانی: چاپخانەی پرژە، چاپی دووەم.
٧. تاهیر بەرزنجی، عەلی (٢٠٠٢). «نەرگسییەت یان خود لە شیعری لەتیف هەڵمەتدا». گۆڤاری زانکۆی سلێمانی.
٨. جەبار، ئاسۆ (٢٠٠٢). تازەگەری: لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی تازەگەری و دیوە نادیارەکانی قەسیدەی ڕەنگدانی شێرکۆ بێکەس. سلێمانی: تیشک.
٩. رەئووف عەلی، لوقمان (٢٠١٣). سەرەتایەک بۆ ڕۆمان و شیعری سەربەستی کوردی. سلێمانی: لاوەند.
١٠. ------------- (ئـا)(٢٠١٦). «وشەی فەرهەنگی لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا». مجلە جامعە الکرکوک للدراسات الانسانیە. ژ. ٣.
١١. ------------- (بی)(٢٠١٦). «یاخیبوون لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا: دیوانی ئێستا کچێک نیشتمانمە بە نموونە». مجلە جامعە الکرکوک للدراسات الانسانیە. ژ. ٦.
١٢. ------------- (٢٠١٧) «سیمیۆلۆژیای ڕەنگ لە شیعری شێرکۆ بێکەسدا: دیوانی ڕەنگدان بە نموونە». مجلە جامعە التنمیە البشریە. س. ٣، ژ. ٣، لل. ٤٥٣-٤٨٢.
١٣. رەئووف عەلی، لوقمان و سامان محەمەد عەلی (٢٠١٥). «گوتاری پۆلیفۆنی

لـە دەقـە واڵاكانـی شـێركۆ بێكەسـدا». گۆڤـاری زانكـۆی گەرمیـان. ژ. ٦، لـل. ٧٦-١٠٠.
١٤. سـەجادی، بەختیـار (١٣٧٨). «قوتابخانـە ئەدەبییـەكان لـە ئەدەبـی كوردیـدا، بەشـی سـێیەم: ڕۆمانتیـزم». سـیروان. س. ٣، ژ. ٢، ل. ١١.
١٥. سـلیوە عیسـا، هاوژیـن (٢٠١٢). ڕەهەنـدی دەروونـی لـە شـیعرەكانی لەتیـف هەڵمەتـدا. نامـەی دوكتـۆرای ئەدەبـی كـوردی. زانكـۆی كۆیـە.
١٦. شـاكەلی، فەرهـاد (٢٠٠٠). پـرۆژەی كوودەتایەكـی نهێنـی. هەولێـر: كوردسـتان، چاپـی دووەم.
١٧. عومـەر حەسـەن، مەریـوان و لوقـمان رەئـووف عەلـی (٢٠١٥). «كارنامـەی ناونیشـان لـە دەقـە واڵاكانـی شـێركۆ بێكەسـدا». مجلـە جامعـە الكركوك للدراسـات الانسـانیە. س. ١٠، ژ. ٣، لـل. ٢٢-٤٠.
١٨. عەلـی، بەختیـار (٢٠٠٢). «گـەڕان بـۆ ماناكانـی دیكـەی شـیعر». رامـان. ژ. ٧٢، لـل. ١٣.
١٩. عێزەدیـن، سـامان (٢٠٠٧). بنیاتـی هونـەری لـە شـیعرەكانی لەتیـف هەڵمەتـدا. نامـەی ماسـتێری بەشـی زمـان و ئەدەبـی كـوردی. زانكـۆی بەغـداد.
٢٠. قـادر حەسـەن، شـادان (٢٠٠٥). بزووتنـەوەی ڕوانگـە و شـیعری نوێـی كـوردی. سـلێمانی: سـەردەم.
٢١. قەرەداغی، عەتا (٢٠٠٠). گەڕان بە دوای ناسنامەدا. سلێمانی: سەردە
٢٢. كەسـنەزانی، بـوشرا (٢٠١٤). ئیـتر لـە دەرگا نـادات پۆسـتەچی. سـلێمانی: غەزەڵنـووس.
٢٣. محەمـەد ئەمیـن قـادر، محەمـەد (كاكـەی فـەلاح) (١٩٨٠). كاروانـی شـیعری نوێـی كـوردی، بەرگـی یەكـەم. بەغـداد: چاپخانـەی حسـام، چاپـی دووەم.
٢٤. محەمـەد، ئـاوات (١٩٩٤). «لەبـارەی زمانـی شـیعر و ڕۆشـنبیریی سـەردەمەوە». ئـاڵای ئـازادی. ژ. ١١٧.
٢٥. ----------- (بـێ تـا). «ڕەنگـدان و پێكهاتـەی ڕەنـگ». ئاینـدە. ژ. ٢٨، لـل. ٧٠-٧٥.
٢٦. مستەفا رەسـووڵ، عێزەدیـن (١٩٦٨). ریالیـزم لـە ئەدەبـی كوردیـدا (الواقعیـە فـی الادب الكردیـە). بیـروت.
٢٧. هەڵمـەت، لەتیـف (٢٠١٤). دیوانـی لەتیـف هەڵمـەت. سـلێمانی:

غه‌زه‌لنــووس.
۲۸. ------------ (بێ تــا). لــه «کفرییــه‌وه بــۆ کۆتاییــه‌کان». مامۆســتای کــورد. ژ. ۳۰ و ۳۱.

**ب) فارسی و انگلیسی**

۱. ایرانــزاده، نعمتاللــه (۱۳۹۰). «نظریــه ســبک در ایــران: روش‌هــای سبکشناســی». فصلنامــه تخصصــی سبکشناســی نظــم و نــثر فارســی (بهــار ادب)، س. چهــارم، ش. دوم (پیاپــی ۱۲)، صــص. ۱-۲۰.
۲. بیکــس، شــیرکو (۱۳۸۶). «گفتگــو بــا شــیرکو بیکــس». گوهــران (شــمارهی ویژهی شــعر کرد). ش. ۱۵، صــص. ۴۳-۴۸.
۳. تبــاری، پیــمان و دیگــران (۱۳۹۵). «انعــکاس اوضــاع اجتماعــی در اشــعار شــیرکو بیکــس». پژوهشــنامه ادبیــات کــردی. س. دوم، ش. ۳، صــص. ۱-۱۴.
۴. ســجادی، بختیــار (۱۳۹۴). ادبیــات کــردی در کردســتان عــراق بعــد از ۱۹۷۰. پژوهشــکده کردستانشناســی دانشــگاه کردســتان. طــرح پژوهشــی.
۵. شمیسا، سیروس (۱۳۷۴). کلیات سبکشناسی. تهران: انتشارات فردوس.
۶. ------------ (۱۳۷۵). سبکشناسی شعر. تهران: فردوس، چاپ دوم.
۷. کنــدال، نــزان و دیگــران (۱۳۷۹). کردهــا. ترجمــه ابراهیــم یونســی. تهــران: روزبهــان، چــاپ ســوم.
۸. کوچــرا، کریــس (۱۳۷۷). جنبــش ملــی کــرد. ترجمــه ابراهیــم یونســی. تهــران: نــگاه، چــاپ دوم.
۹. مــک داول، دیویــد (۱۳۸۳). تاریــخ معــاصر کــرد. ترجمــه ابراهیــم یونســی. تهــران: پانیذ، چــاپ دوم.
1. Kreyenbroek, Philip and Stefan Sperl (1992). ed. The Kurds: A Contemporary Overview. London: Routledge.
2. Leezenberg, Michiel (2011). “Soviet Kurdology and Kurdish Orientalism”. The Heritage of Soviet Oriental Studies. Kemper, Michael and Stephan Conermann, ed. London: Routledge. .